زنجيره ڕێنماييه‌كانى ڕێگاى ڕاست (٥١)

# زنجیرەیەک لە فەرموودە هەڵبەستراو و لاوازەکان سەبارەت بە مانگی ڕەمەزان


کورتکردنەوەو وەرگێڕانی

عبدالله خالد

(ابو مسلم)

پێداچوونەوەی

م. صلاح الدين عبدالكريم



چاپى يه‌كه‌م ١٤٣٠ كۆچى

ناوی پەرتووك

زنجیرەیەك لە فەرمووده هەڵبەستراو و لاوازەکان سەبارەت بە مانگی رەمەزان

کورتکردنەوەو وەرگێڕانی


عبدالله خالد

پێداچونەوەی

م. صلاح الدین عبدالکریم



مافی چاپکردن و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە.



چاپی یەکەم: ١٤٣٠ ك

ژمارەی سپاردن: ( ٣٤٦ )

تایپ: م. عباس

کتێبخانەی سیــــما

( ٠٧٧٠١٢٣٦٠٨٩ )

بنکەی بڵاوکردنەوە:

کتێبخانەی سوننە
سلێمانی

کتێبخانەی سیما
چەمچەماڵ

کتێبخانەی زانست
کەلار

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

إِنَّ الْحَمْدَ لِلَّه نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوذُ بِاللَّه مِـــنْ شُـــرُورِ أَنْفُـــسِنَا وَسَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِه اللَّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِىَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ﴾ (سورة آل عمران:١٠٢).

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا﴾ (سورة النساء:١).

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا﴾ (سورة الاحزاب:٧٠ - ٧١).

أَمَّا بَعْدُ...فَإِنَّ أَصْدَقَ الْحَدِيثِ كِتَابُ اللَّه وَأَحْسَنَ الْهَدْىِ هَدْىُ مُحَمَّدٍ وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِـــى النَّارِ.

## پێشەكی

لە پاشان و لەسەرەتادا موسڵمانانی بەڕێزو خۆشەویست پێم خۆش بوو بۆ كات و ساتێكی وەك ئەمڕۆ بابەتێكتان پێشكەش بكەم كە ئەویش باسكردنی چەندەها فەرموودەی لاوازو هەڵبەستراوە بەدەم پێغەمبەری خواوە ﷺ سەبارەت بە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز كە خراونەتە ناو ئایینی موسڵمانانەوە وە بە فەرموودەی پێغەمبەری خۆشەویستمانی ﷺدەزانن وكرداری پێ دەكەن. بۆیە پێم خۆش بوو كە موسڵمانان ئاگادار بكەمەوە لە زنجیرەیەك فەرموودەی لاوازو درۆ سەبارەت بە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، وە هەروەها جگە لەم فەرموودانەی كە لەم نامیلكەیەدا هاتووە فەرموودەی لاوازی تر زۆرن سەبارەت بە مانگی ڕەمەزان بەڵام پێم باش بوو ئەم نامیلكەیەتان پێشكەش بكەم كە ئەسڵ و بنەماكەی كتێبێكە بەناوی ((تحذير الخِلّان من رواية الأحاديث الضعيفة حول رمضان)) كە دانەرەكەی ناوی ((شيخ/ عبدالله بن محمد الحمادي))یە كە هەریەك لەم زانایانە ((شيخ/ أبو الحسن مصطفى بن إسماعيل السليماني، وأبو حمدان محمد ولي الله بن عبدالرحمن النووي)) پێشەكیان بۆ نووسیوەو پیایدا چوونەتەوە، وە لەوانەیە هەندێك لە موسڵمانان پێیان وابێت كە خۆ خەریك كردن بەم بابەتانەوە و گرنگیدان پێی كارێكی لاوەكی و بێ بایەخ بێت. بەڵام دیارە چۆن پێویستە ئاگادار بین لە فەرموودە ڕاستەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ بەهەمان شێوە پێویستیشە ئاگاداری فەرموودە لاوازەكان بین بەڵكو پارێزراو بین لە كاری بیدعەو نادروست، وەك ووتراوە:

عرفت الشر لا للشر ولكن للأتوقيه ومن لايعرف الشر من الخير يقع فيه.

**واتە:** ((شەڕو خراپەم ناسی بەلاَم خۆ بۆ ئەوە نییە كە ئەنجامی بدەم بەلْكو بۆ ئەوەی خۆمی لێ بپارێزم وە هەركەسێكیش خراپەو شەڕ لە چاكە جیا نەكاتەوە ئەوە بێگومان دەكەوێتە ناوییەوە)).

وە ئەوەتا چەندەها كتێبی گەورە گەورە نووسراونەتەوە لەبارەی فەرموودەی لاوازەوە بۆ نموونە لە كتێبەكانی زانای پایە بەرزو فەرموودە ناسی سەردەم و زۆر شارەزا لە فیقهدا شێخ محمد ناصرالدین الالبانی ڕەحمەتی خوای لێ بێت وەك كتێبی ((السلسلة الضعيفة ـــ وضعيف الجامع ـــ وضعيف ابن ماجة ـــ وضعيف الترمذي ـــ وضعيف النسائي ـــ وضعيف أبو داود ـــ وضعيف الترغيب والترهيب و هتد....)) كە بەهەزارەها فەرموودەی لاوازیان تیادا باسكراوە كە لە لای هەندێك لە مامۆستایانی ئایینی و خەڵكی بە فەرموودە دەژمێرێن كە لەڕاستیشدا فەرموودەی پێغەمبەری خوا نین ﷺ، هەروەها ئیمامی ئەهلی سوننەو جەماعە (ئیمامی ئەحمەد)سێ سەد هەزار(٣٠٠٠٠٠) فەرموودەی لاوازو هەڵبەستراو بە عەبدوڵای كوڕی لەبەر دەكاتو پاشان پێی دەڵێت بۆ ئەوەی خەڵكی خۆیانی لێ بپارێزنو ئاگادار بنو بە فەرموودەی پێغەمبەری خوای ﷺ نەزانن، هەروەها ئیمامی بوخاری دوو سەد هەزار فەرموودەی لاوازو هەڵبەستراوی لەبەر بووە، وە زانایانی فەرموودەناس ئەو بۆچونەیان پێ ڕاستو دروستە

كە كاركردن بە فەرموودەی لاواز حەرام و قەدەغەیە تەنانەت لە بواری فەزائیلی ئەعمالیشدا.

وە پێش كۆتایی پێم خۆشە كە بڵێم كاری من لە كتێبی ((تحذير الخلان من رواية الأحاديث الضعيفة حول رمضان))دا كە پێشتر باسمان كرد تەنها هاوردن و وەرگێڕانی فەرموودەكانە جگە لە هەندێك وەدەرنانی فەرموودەدا نەبێت كە لەسەرچاوە فەرموودەییەكانی شێخ ئەلبانیدا (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ڕاست كراونەتەوە. وە هەروەها لەبەر زۆری درێژەدان بە باسی فەرموودەكە لە ڕووی زانستییەوە لەلایەن دانەرەكەیەوە من تەنها سەنەدێك و چەند ڕیوایەتكەرێكی كەمم هێناوەتەوە.

لە كۆتاییدا داوام وایە لە موسڵمانان كە گرنگی و بایەخ بدەن بە خوێندنەوەی فەرموودە لاوازەكان لە هاوشانی خوێندنەوەیان بۆ فەرموودە ڕاست و دروستەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئەوەی ئاگادارو وریا بن لە ڕاستی ئایینە پیرۆزەكەیان و درۆو شتە هەڵبەستراوەكاندا.

وە هەروەها لە كۆتایشدا داوا دەكەم لە خوای گەورە بە ناوە پیرۆزەكانی و سیفەتە بەرزەكانی خۆی لێمان خۆش بێت و چاكەكانمان لێ وەربگرێت و بە دوورمان بگرێت لە ئاگری دۆزەخ وە بە بەهەشتی پان و بەرینمان شاد بكات إن شاء الله.

✍ **أبو مسلم**

**١٤٣٠/٨/٢٤ هجری/ ٢٠٠٩/٨/١٦**

**چەمچەماڵ/ ڕۆژی یەك شەممە**

١. عن قتـادة رضي الله عنه ((هلال خير ورشد ويُمن ــ ثلاثاً ــ الحمدالله الذي خلقك فسوّاك فعدلك وجعلك آية للعالمين، اللهمَّ أهلــه علينــا بــالأمن والإيمــان والسلامة)).

واتە: ((مانگ هەڵهاتنی چاکەو هیدایەت و ئاسایشە ـ سێ جار ـ سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە تۆی دروست کردووەو ڕێك و ڕاستی کردویت وەکردوێتی بە نیشانەیەك بۆ هەموو خەڵکی جیهان، خودایە ئەم مانگە بە ئاسایش و بڕوا بوون و ساغ و سەلامەتییەوە هەڵبهێنە بە سەرماندا)).

ضـعيف. أخرجـه أبـو داود في سـننه (٤/ ٣٢٧)، وضـعَّف الحـديث العلامـة الألبـاني رحمـه الله في ضـعيف سـنن أبـي داود (٥٠٩٢) وفي ضـعيف الجـامع (٤٤٠٧) (٤٤٠٨) وفي السلسلة الضعيفة (٣٥٠٧).

٢. عن عبدالله بـن مطـرف رضي الله عنه ((هلال خير، الحمد الله الذي ذهب بشهر كذا وكذا، وجاء بشهر كذا وكذا أسألك من خير هذا الشهر ونــوره، وبركتــه وهداه، وطهوره ومعافاته )).

واتــە: لــە عەبـدوڵلای کـوڕی موترەفــەوە ڕەزای خـوای لێبێـت فــەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بـەردەوام زۆر بـە ئاگـابوو کاتێـك کـە مـانگی ببینیایـە دەیفەرموو:

((مانگ هەڵهاتنێكی خێرو چاكەیە، سوپاس بۆ ئەو خوایەی كە فلآنـەو فلآنە مانگی بردو كۆتایی پێ هێنا، وە مـانگی فلآنـەو فلآنـەی بـۆ هێنـاین و هـەڵهاورد، وە هـەروەها خودایـە داوای خێـرو چـاكەو ڕونـاكی و بەرەكـەت و هیدایەت و پاكی و لەش ساغی ئەم مانگەت لێ دەكەم)).

ضعيف. أخرجه ابن السني في عمل اليوم والليلة (٦٤٧)، وضعفه الألباني رحمه الله في ضعيف الجامع (٤٤٠٦)، والسلسلة الضعيفة (٣٥٠٩).

٣. عن عثمان بن أبي العاتكة عن شيخ في اشياخهم أنَّ رسول الله ﷺ كان إذا رأى الهلال قال: ((اللهمَّ أدْخله علينا بالأمن والايمان والسلامةِ والإسلام، والسكينة والعافية، والرِّزْق الحسَن)).

فقيل للشيخ من حدثك؟ قال: صاحب الفرس الخزبور والرمح الثقيل في يدي الغزاة في المقدمة، وفي الرجعة في الساقة أبو فورة حدير السلمي.

واتە ((پێغەمبەری خوا ﷺ كاتێك ئەگەر مـانگی ببینیایـە تـازە هەڵبهاتایـە دەیفەرموو، ئەی خودای گەورە ئەم مانگە هەڵبهێنە بەسەرماندا بە ئاسـایش و بڕوابوونـەوە وە بـە ئاشـتی و موسـڵمانێتییەوە، بـە دڵ ئـارامی و لـەش ساغییەوە، وە بەپێدانی ڕزق و ڕۆزییەكی چاك و حەڵاڵەوە)).

ضعيف. أخرجه ابن السني في عمل اليوم والليلة (٦٤٥)، وضعفه المحدث العلامة الألباني رحمه الله في ضعيف الجامع (٤٤٠٥) والضعيفة (١٥٠٤).

٤. عن ابن عمر رضي الله عنه ((اللهم أهله علينا بالأمن والإيمان، والسلامة والإسلام، والتوفيق لما تحبُّ وترضى ربنا وربك الله)).

واتە ((ئەی خودای گەورە ئەم مانگەمان بەسەردا هەڵبهێنە بە ئاسایش و بڕوا هێنانەوە، وە بە ئاشتی و موسڵمانێتییەوە، وە ڕێنمای و سەركەوتووم بكەیت بۆ هەرشتێك كە خۆت پێت خۆشە و پێی ڕازیت. خودای من و خودای تۆ الله یە)).

ضعيف. أخرجه الدارمي في سننه (١٦٨٧) والطبراني في الكبير (١٣٣٣٠)، وضعفه العلامة الألباني رحمه الله في ضعيف الجامع (٦٣٩)(٤٤٠٤).

٥. عن أبي أمامة الباهلي رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: ((من قام ليلتي العيدين، محتسباً لله، لم يمت قلبه يوم تموتُ القلوب))[1].

واتە ((هەركەسێك شەوانی هەردوو جەژنەكە زیندوو بكاتەوە وە شەو نوێژ بكات، وە چاوەڕانی پاداشتی خوای گەورە بێت، ئەوا دڵی ئەو كەسە نامرێت لە ڕۆژانێكدا كە دڵەكان تێیدا دەمرن)).

ضعيف. ضعيف الألباني في ضعيف ابن ماجة (٣٥٣) ، والضعيفة (٥٢١و ٥١٣٦).

---

(١) ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەكی ترە لە جێگای فەرموودەی ژمارە(٥) دامناوە، لەبەر ئەوەی فەرموودەی ژمارە(٥) لە ئەصلی كتێبەكەدا شێخ ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێبێت بە فەرموودەیەكی (حَسن)ی داناوە لە (السلسلة الصحيحة) بە ژمارە(١٨١٦) بۆیە هەستاین بە گۆڕینی فەرموودەكە.

*** القول عند دخول رجب:**

٦. عن أنس بن مالك رضي الله عنه **((اللهم بارك لنا في رجب وشعبان وبَلِّغْنا رمضان))**.

واتە ((ئەنەسی كوڕی مالك دەگێڕێتەوە و دەفەرمێت پێغەمبەری خوا ﷺ كاتێك كە مانگی ڕەجەبی بەسەردا بهاتایە دەیفەرموو: ((خودایە بەرەكەتمان بۆ بكەیتە ناو مانگی ڕەجەب و شەعبانەوە، وە بشمان گەێنیتە مانگی ڕەمەزان)).

ضعيف جداً. أخرجه الإمام احمد في مسنده (٣/ ٧٠-٧١)، وابن أبي الدنيا في فضل رمضان (ص٢٤)، والبزار في مسنده (١/ ٤٠٢)، والطبراني في الأوسط (٤/ ١٨٩)، وابن السني في عمل اليوم والليلة (ص٣٩٩)، والبيهقي في شعب الإيمان (٣/ ٣٧٥)، وأبو نعيم في الحلية (٦/ ٢٩٢).

*** حديث الدعاء عند الإفطار:**

٧. عن معاذ بن زهرة كان النبي ﷺ إذا أفطر قال: **((اللهم لك صمت وعلى رزقك أفطرت))**. وفي رواية: **((الحمد الله الذي أعانني فصمت ورزقني فأفطرت))**.

واتە ((لە موعازی كوڕی زەهرەوە ئەویش بیستوویەتی كە پێغەمبەری خوا ﷺ كاتێك كە ڕۆژووی دەشكاند دەیفەرموو: ((خودایە من بۆ تۆ بەڕۆژوو بووم، وە هەر بە ڕزق و ڕۆزییەكەی تۆش فیتارم كردەوە و شكاندم)) وە لە ڕیوایەتێكی تردا : ((سوپاس بۆ ئەو خودایەی كە یارمەتی دام بەوەی كە

بـــەڕۆژوو بـــووم وە هـــەروەها ڕزق و ڕۆزیـــشمی داوه بـــۆ ئـــەوەی ڕۆژووەکەمی پیێ بشکێنم)).

ضعيف. اللفظ الأول أخرجه ابو داود في سننه (٢/ ٣١٦)، والعلامة الألباني في ضعيف سنن أبو داود برقم (٢٣٥٨)، والثـاني أخرجـه أبـو داود في المراسـيل ص١٢٤ (٩٩)، والبغـوي في شـرح الـسنة (١٧٤١)، والبيهقـي في الكـبرى (٤/ ٢٣٩)، وعبدالله بن مبـارك في الزهـد لـه (١٩٨)، والنـووي في الأذكـار ص٢٧٥، والعلامة الألباني رحمه الله في إرواء الغليل (٤/ ٣٨).

٨. عن أنس بن مالك رضي الله عنه ((بسم الله، اللهمَّ لك صمت، وعلى رزقك أفطرت )).

واتــە ((لــە ئەنەســی کــوڕی مالیکــەوە ڕەزای خــوای لێبێــت فــەرمووی، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم کاتێك ڕۆژووی دەشکاند دەیفەرموو: ((بەناوی خـواوە، خودایـە بـۆ تـۆ بـەڕۆژوو بـووم، وەهـەر بـەڕزق و ڕۆزییەکـەی تـۆش فیتـارم کردەوە وە شکاندم )).

ضـعيف جـداً. أخرجـه الطبرانـي في الأوسـط (٥٤٩) ، والأصـبهاني في تـأريخ الأصبهان (٢/ ٢١٧-٢١٨)، والدار قطني في الإفراد (٦٩٩)، والحافظ الهيثمـي في مجمع الزوائد (٣/ ١٥٩)، والعلامة الألباني إرواء الخليل (٤/ ٣٨).

٩. عن ابن عباس رضي الله عنه قال: كان النبي ﷺ إذا أفطر قال: ((لك صمت، وعلى رزقك أفطرت، فتقبل مني إنك أنت السميع العليم )). وفي رواية أخرى، أن النبي ﷺ كان يقول: ((اللهم لك صمنا، وعلى رزقك أفطرنا، فتقبل منَّـــا إنك أنت السميع العليم)).

واته ((عەبدوللأی كوڕی عەباس ڕەزای خوایان لێبێت دەفەرمێت پێغەمبەری خوا ﷺ كاتێك كە ڕۆژووی دەشكاند دەیفەرموو: ((خودایە بۆ تـۆ بـە ڕۆژوو بوومە، وە هـەر بـەڕزق و ڕۆزی تـۆش فیتـارم كـردەوە و شـكاندم)). وە لـە ڕیوایەتێكی تردا هاتووە: پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفـەرموو ((خودایـە بـۆ تـۆ بەڕۆژوو دەبین و وە هەر لەسەر ڕزق و ڕۆزی تۆش فیتارمان كـردەوە، بۆیـە داوات لێدەكەم لێمان وەرگریت بەڕاستی هەر تۆیت سیفەتی تـەواوی بیـستن و زانایت تێدایە )).

ضعيف جداً أو موضوع. أخرجه الطبراني بلفظه الأول في المعجم الكبير وابـن السني في عمل اليوم والليلة (٤٨٠)، وضعفه العلامة الألباني رحمه الله في ارواء الخليل (٤/ ٣٧).

١٠. عن أنس بن مالك رضي الله عنه عن الـنبي ﷺ قـال: ((ما من مسلم يصوم فيقـــول عند إفطاره، يا عظيم، يا عظيم، أنت إلهي، لا إله غيرك اغفر لي الذنب العظيم فإنه لا يغفر الذنب العظيم إلاَّ العظيم، إلاَّ خرج من ذنوبه كيوم ولدته أمه )).

وقال رسـول الله ﷺ ((علّموها عقبكم فإنها كلمة يحبها الله ورسوله، ويـــصلح بها أمر الدنيا والآخرة )).

واتە ((هیچ موسڵمانێك نییە كاتێك كە بەڕۆژوو دەبێت لەكاتی ڕۆژوو شكاندنەكەیدا بڵێت: یا عظیم، یا عظیم، خودایە تۆ پەرستراوی منیت، هیچ پەرستراوێك نییە بەهەق تەنها زاتی تۆ نەبێت خودا لە تاوانە گەورەكانم خۆش بە بە ڕاستی هیچ كەسێك لە تاوانە گەورەكان خۆش نابێت ئیلا مەگەر تۆی گەورەو بەدەسەلاًت نەبێت، ئیلا لە تاوانەكانی پاك دەبێتەوە هەروەك ئەو ڕۆژەی كە دایكی بویەتی)).

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((ئەوانەی دوای خۆتان فێربكەن لێی لەبەر ئەوەی ئەمە ووشەیەكە خواو پێغەمبەرەكەی خۆشیان دەوێت، وە بەهۆی ئەم ووشەیەوە خوای گەورە كارەكانی دونیاو دوا ڕۆژیان بۆ ئاسان و چاك دەكات)).

موضوع. أخرجه ابن عساكر في تأريخ دمشق (٥٤/ ٢٣٨)، وأورده ابن عَرَّاق في التنزيه (٢/ ٣٣٥).

١١. عن ابن هريرة رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: ((من أفطر يوماً من رمضان من غير رخصة ولا مرض (وفي رواية: في غير رخصة رخصها الله له) لم يقضه عنه صيام الدهر كلّه (وفي رواية: فلا يقضيه صيام الدهر كله) (وفي رواية: لم يجزه صيام الدهر) (وفي رواية: فلن يقبل منه الدهر كله) وإن صامه، (وفي رواية: ولو صام الدهر) )).

واتە ((هەركەسێك ڕۆژووی ڕۆژێك بشكێنێت لە ڕەمەزان بەبێ بوونی ڕوخسەتێك یاخود نەخۆشییەك ((وە لەڕیوایەتێكدا: بەبێ بوونی ڕوخسەتێك

بۆ ئەو کەسە کە خودای گەورە ڕوخسەتی دابێ پێی)) ئەوا ڕۆژووی هەموو ژیانی بۆی پڕ ناکاتەوە)) ((وە لە ڕیوایەتێکدا: ڕۆژووی هەموو ژیانی و تەمەنی بەشی ناکات)) ((وە لە ڕیوایەتێکدا: با ڕۆژووی هەموو ژیانی و تەمەنی بکات بە فیدیەی ئەو ڕۆژە ئەوا لێی وەرناگیرێت)) ((وە لەڕیوایەتێکدا: با هەموو ژیانیشی بە ڕۆژوو بێت)) .

ضعيف. أخرجه الإمام أحمد في مسنده برقم (٩٦٦٧)، والترمذى برقم (٧٢٣)، والنسائي في سنن الكبرى (٣٢٧٨-٣٢٧٩)، وابن ماجة (١٦٧٢)، والدار قطني في سننه (٢/ ٢١١)، وابن حبان في المجروحين (٣/ ١٥٧)، والدارمي في سننه (١٧١٤)، وعبدالرزاق في مصنفه (٧٤٧٥)، وضعفه العلامة الألباني رحمه الله في ضعيف سنن أبي داود برقم (٢٣٩٦-٢٣٩٧)، وضعيف سنن ابن ماجة (ص١٣١-٣٢٩)، ومشكاة المصابيح برقم (٢٠١٣).

١٢. عن أنس بن مالك رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: قال رسول الله ﷺ ((من أفطر يوماً من رمضان من غير رخصة ولا عذر كان عليه أن يصوم ثلاثين يوماً، ومن أفطر يومين كان عليه أن يصوم ستون يوماً، ومن أفطر ثلاثة أيام كان عليه أن يصوم تسعين يوماً)).

وفي رواية: ((من أفطر يوماً من رمضان من غير عذر فعليه صوم شهر)).

واتە ((هەرکەسێك ڕۆژووی ڕۆژێك بشکێنێت لە مانگی ڕەمەزاندا بەبێ بوونی ڕوخسەت و بەهانەیەك ئەوا لە دوای ڕەمەزان لەسەریەتی سی ڕۆژ بگرێتەوە لە جیاتی، وە هەرکەسێك دوو ڕۆژی لێ بخوات ئەوا لەسەریەتی کە شەست

ڕۆژ بگرێتەوە، وە هەركەسێك سێ ڕۆژی لێ بخوات ئەوا لەسەریەتی كە نــەوەد ڕۆژ بگرێتــەوە)) وە لەڕیوایەتێكــدا: هەركەســێك ڕۆژووی ڕۆژێــك بشكێنێت لـە ڕەمـەزان بـەبێ بـوونی هـیچ عـوزرو بەهانەیـەك، ئـەوا لـەدوای ڕەمەزان لەسەرێتی مانگێك بەڕۆژوو بێت )).

موضوع. ضعفه الدار قطني في سننه (٢/ ١٩١)، وابن الجوزي في الموضـوعات (٢/ ٥٦٢)، والشوكاني في الفوائد (ص٩٥)، والسيوطي في اللألئ (٢/ ٩٠).

١٣. عن أبي هريرة ﷺعن النبي ﷺ قـال: ((**يقول الله ــ عز وجــل ــ: إنَّ أحبَّ عبادي إليَّ أعجلهم فطراً**)).

وفي رواية: ((**أحبُّ عبادي إليَّ أعجلهم فطراً**)). وفي رواية: ((**من أحب عبــادي إليَّ أعجلهم فطراً**)).

واته ((لە ئەبو هورەیرەوە ڕەزای خـوای لێبێـت لـە پێغەمبـەری خـواوە ﷺ فەرموویــەتی: خــوای گــەورە فەرموویــەتی: بەڕاســتی خۆشەویــستترین بەندەكانم لەلای من ئەوانەن كە ڕۆژوو زوو دەشـكێنن)) ((وە لەڕیوایەتێكـدا: خۆشەویستترین بەنـدەكانم لـەلام ئەوانـەن كـە زوو ڕۆژوو دەشـكینن)) ((وە لەڕیوایەتێكدا: لـە خۆشەویـستترین بەنـدەكانم لـەلام ئەوانـەن كـە زوو ڕۆژوو دەشكینن )).

ضعبف. أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٧/ ٧٩)(٧٢٤٠)، والترمذي في سـننه (٧٠٠)، والإمام البغوي في شرح السنة (١٧٣٣)، وضعفه العلامة الألباني رحمه

الله في ضعيف سنن الترمذي (٧٠٤)، وفي ضعيف الجامع (٤٠٤١)، وفي المشكاة (١٩٨٩).

١٤. عن أنس رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: ((أفضل الصدقة صدقة في رمضان)).
واتە ((باشترین خێرو چاكە ئەو خێرو چاكەیەیە كە لەمانگی ڕەمەزاندا ئەنجام بدرێت)).
ضعيف. أخرجه الخطيب البغدادي في تاريخه (١٣/ ٣١٥)، وابن الجوزي في العلل المتناهية (كما في تلخيص الواهيات)(ص١٧٥ برقم (٤٩٩)))، والبيهقي في شعب الإيمان (٣٨١٩)، وضعفه العلامة الألباني في ضعيف سنن الترمذي (ص٧٢/ برقم ٦٦٣)، وضعيف إرواء الغليل (١٨٨٩).

١٥. عن عمر بن الخطاب رضي الله عنه قال: ((رأيت النبي صلى الله عليه وسلم في النوم فرأيته لا ينظر إليَّ، فقلت: يا رسول الله ما شأني؟ قال: أوَ لست المقبل وأنت صائم، فقلت: والذي نفس عمر بيده لا أُقَبِّل وأنا صائم أبداً )).
واتە ((لە عومەری كوڕی خەتتابەوە ڕەزای خوای لێ بێت فەرمووی: پێغەمبەری خوام صلى الله عليه وسلم لە خەودا بینیم كە تەماشام ناكات و ڕوی لێم وەرگێڕاوە، ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم من چیم كردووە؟ فەرموویەتی: ئایە تۆ ماچت نەكردووەو بەڕۆژووش بووبی، ووتم: بەو خوایەی كە گیانی عومەری بەدەستە من هەرگیز ماچ ناكەم كە بە ڕۆژوو بم )).

منكر. أخرجه ابن أبي شيبة في مصنفه (٢/ ٤٧٧)، والبزار في مسنده (١/ ٢٢٩)، والطحاوي في شرح المعاني (٢/ ٨٨)، وأبو نعيم في الحلية (١/ ٨٠)(١٠٥) ، والبيهقي في الكبرى (٤/ ٢٣٢)، وابن التركماني في الجوهر النقي (٤/ ٢٣٢) مع السنن البيهقي.

١٦. عن أنس ﷺ عن النبي ﷺ قال: ( إذا كان أوَّلُ ليلةِ (وفي رواية: أوَّل يوم) من شهر رمضان نادى الجليل رضوان خازن الجنة فيقول: لبيَّك وسعديك، فيقول: نجِّد جنتي وزيِّنها للصائمين من أمة محمد، لا تغلقها عنهم حتى ينقضي شهرهم، ثم ينادي مالكاً خازن جهنم: يا مالك، فيقول: لبيّك وسعديك، فيقول: أغلق أبواب الجحيم عن الصائمين من أمة محمد، لا تفتحها عليهم حتى ينقضي شهرهم.

ثم ينادى جبريل: يا جبريل، فيقول: لبيك ربي وسعديك، يقول: انزِل إلى الأرض فغُلَّ مَرَدة الشياطين عن أمة أحمد لا يفسدوا عليهم صيامهم، ولله ــ عز وجل ــ في كل يوم من رمضان عند طلوع الشمس، وعند وقت الإفطار عُتَقاء يعتقهم من النار عبيدٌ وإماءٌ، وله في كل سماء ملَكٌ يُنادي، عُرْفُه تحت عرش رب العالمين، ورجله في تخوم الأرض السابعة السُفلى، جناح له بالمشرق مُكلَّل بالمرجان والدّر والجوهر، وجناح له بالمغرب مُكلَّل بالمرجان والدُّر والجوهر، ينادى: هل من تائب يتاب عليه؟ هل من داع يستجاب له؟ هل من مظلوم فينصر؟ هل من مستغفر يغفر له؟ هل من سائل يُعطى سؤله؟ قالوا: الرب تعالى ينادي الشهر كلَّه: عبيدي وإمائي، أبشروا أوشك أن ترفع عنكم

هذه المؤونات إلى رحمتي وكرامتي فإذا كانت ليلة القدر يترل جبريـــل في كُبكُةٍ من الملائكة يُصَلُّون على كل عبدٍ قائم وقاعد يذكر الله ــ عز وجل ــ فإذا كان يوم فطرهم باهى بهم ملائكته ما جزاء آجيرٍ وفّى عمله؟

قالوا: رب جزاؤه أن يوفّي أجرُهُ، قال: عبيدي وإمائي قضوا فريضتي علـــيهم، ثم خرجوا يعجُّون إليَّ بالدُّعاء، وجلالي وكرامتي وعُلوّي، وارتفـــاع مكـــاني لأُجيبنّهم اليوم: ارجعوا فقد غفرت لكم وبدّلت سيئاتكم حسنات، فيرجعون مغفوراً لهم).

واتـە ((كاتێـك كـە یەكـەم شـەو ((وە لەڕیوایەتێكدا: یەكـەم ڕۆژی)) مـانگی ڕەمەزان دێت خوای گەورە بانگ دەكات لە ڕچوانی گەنجینـەوانی بەهەشـت ئەویش دەڵێت: بەڵێ بەخۆشحاڵییەوە بەدەنگتەوە هاتم.

خـوای گـەورە دەفـەرمێت: بەهەشـتەكەم بڕازێنـەوەو ڕازاوەی بكـە بـۆ ڕۆژووەوانی ئوممەتی محمد ﷺ، دەرگاكانی بەهەشت دامەخـە لێیـان تـاكو مانگەكەیان تەواو دەكەن، پاشان بانگی مـالیكی دەرگـاوانی دۆزەخ دەكـات ئەی مالیك ئەویش دەڵێت: بەڵێ بەخۆشحاڵییەوە بەدەنگتـەوە هـاتم. خـوای گەورە دەفەرمێت: دەرگاكانی دۆزەخ دابخە لە ڕۆژووەوانی ئوممـەتی محمـد ﷺ وە نەیكەیتەوە لێیان تاكو مانگەكەیان تەواو دەكـەن. لەپاشـاندا بـانگ لە جبرەئیل دەكـات، ئـەویش دەڵێـت: بـەڵێ بەخۆشـحاڵییەوە بەدەنگتـەوە هـاتم. خـوای گـەورە دەفـەرمێت: بـڕۆ دابـەزە سـەر زەوی هـەموو شـەیتانە سـەركەش و خراپـەكان كـۆت و زنجـیر بكـە لـە ئوممـەتی أحمـد بـۆ ئـەوەی ڕۆژووەكەیان لێ تێك نەدات، وە خوای گەورە لە هەموو ڕۆژێكی ڕەمەزاندا لە

كاتی خۆر هەڵهاتنداو وە لە كاتی ڕۆژوو شكاندندا كەسانێكی بەندەو كەنیزەكی هەیە كە ڕزگاریان دەكات لە ئاگری دۆزەخ، وە خوای گەورە لە هەموو ئاسمانێكدا فریشتەیەكی هەیە كە بانگ دەكەن، بەرزی و لای سەرەوەیان لە ژێر عەرش و تەختی خوای گەورە دایە وە پێو قاچیان لەناخی خوارەوەی حەوت تەبەقی زەویدایە، باڵێكی لە خۆر هەڵاتەوە دەور دراوە بە شیلانەو مرواری و گەوهەر وە باڵەكەی تریشیان لە خۆر ئاوابوونە و دەور دراوە بە شیلانەو مرواری و گەوهەر، ئەو فریشتەیە بانگ دەكات: ئایە هیچ كەسێك هەیە بیەوێت تەوبە بكات و بگەڕێتەوە تاكو خوای گەورە تەوبەی لێ وەربگرێت؟ وە ئایە هیچ بانگكەرێك هەیە كە داوایەكی هەبێت و وەڵامی بدرێتەوە؟ وە ئایە هیچ ستەم لێكراوێك هەیە تاكو سەربخرێت؟ وە ئایە هیچ كەسێك هەیە بڵێت خوایە لێم خۆش بە تاكو خوای گەورە لێی خۆش بێت؟ وە ئایە هیچ پرسیاركەرێك هەیە تاكو وەڵامی داواكەی بدرێتەوە؟ دەڵێن: خوای گەورە ئەو مانگە بە تێكڕا بانگ دەكات و دەفەرمێت: ئەی بەندەكانم پیاوان و ژنان، مژدە بێت لێتان بەوەی كە نزیكە ئەم نارحەتی و تەكلیفانەتان لەسەر لابدەم وە بە ڕەحمەت و ڕێزگرتنی خۆمتان شاد بكەم. وە كاتێك كە شەوی قەدرو ڕێز دێت جبرائیل لەگەڵ گرۆو كۆمەڵێكی زۆری فریشتەكاندا دادەبەزن و دوعای خێر دەكەن بۆ هەموو كەسێكی ڕاوەستاو دانیشتوو كەوا لەو شەوەدا یادی خوای گەورە دەكەن. وە كاتێك كە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان دێت خوای گەورە شانازی دەكات بەسەر فریشتەكانداو پێیان دەفەرمێت: دەبێ پاداشتی كرێكارێك

چـی بێـت كـه كارەكـەی تـەواو ئـەنجام دابێـت؟ فریـشتەكان ووتیـان: پاداشـــتەكەیان پاداشـــت دانەوەیـــەكی تـــەواو دەبێـــت، خـــوای گـــەورە فەرمووی:بەندەكانم چـی پیـاوان بێـت یـان ئافرەتـان فەرزەكـەی منیـان بـه ئەنجام گەیاند، وه پاشان دەرچوونەو پڕ بە دەنگیـان لـه مـن دەپاڕێنـەوە، سوێند بێت به گـەورەیی و بەخـشندەیی‌و بـەرزو بڵنـدی خـۆم ئـەمڕۆ دەبـێ وەلأمیان بدەمەوە: بگەڕێنـەوە ئـەوا لـه هـەمووتان خـۆش بـووم وه هـەموو گونـاهو تاوانـەكانتانم كـرد بـه چـاكە، ئـەوانیش دەگەڕێنـەوە بـه لێخـۆش بوویی)).

موضــوع. أخرجــه ابــن حبــان في المجــروحين (١/ ١٨١)، وابــن الجــوزي في الموضوعات (٢/ ٥٤٦-٥٤٧)، وابن عدي في الكامل (٢/ ٩٩).

١٧. عن أنس ﷺ عن النبي ﷺ قـال ((إذا كان أول ليلة من شهر رمـــضان نادى في كل سماء ملك هل من تائب يتاب عليه؟ هل من داع يستجاب لـــه؟ هل من مظلوم فينصره الله ــ عز وجل ــ؟ هل من مستغفر يغفر له؟ هل مـــن سائل يعطى سؤاله؟ قال: والرب عز وجل ينادى الشهر كله: عبادي وإمـــائي أبشروا واصبروا وداوموا أوشك أن أرفع عنكم ــ يعني المؤنة ــ إلى رحمـــتي وكرامتي)).

واته ((كاتێك كه یەكەم شەوی مانگی ڕەمەزان دێت لـه هـەموو ئاسمانـەكان فریشتەیەك بانگ دەكات ئایه كەس هەیـه بیـەوێت تەوبـه بكـات بـۆ ئـەوەی خـوای گـەورە تەوبـەی لێ قـەبوڵ بكـات؟ ئایـه هـیچ كـەس هەیـه پاڕانـەوەو

داوایەكی هەبێت تاكو وەڵامی بدرێتەوە؟ ئایە هیچ ستەم لێكراوێك هەیە تاكو خوای گەورە سەری بخات؟ هیچ كەسێك هەیە كە داوا بكات خودا لە تاوانەكانی خۆش بێت بۆ ئەوەی لێی خۆش بێت؟ هیچ پرسیار كەرو داواكەرێك هەیە تاكو وەڵامی داواكەی بدرێتەوە؟ فەرمووی: خوای گەورە ئەو مانگە بەتەواوی بانگ دەكات: ((ئەی بەندەو كەنیزەكانم، مژدەتان لێ بێت و ئارام بگرن و بەردەوام بن لەسەر پەرستن، نزیكە لەوەی كە نارحەتیو تەكلیفتان لەسەر لابدەمو بەرەحمەتو رێزگرتنی خۆمتان شاد بكەم )) )).

١٨. عن ابن عباس ﷺ عن النبي ﷺ قال: ((إن الجنة لتُنَجَّد (وفي رواية: لتزين) وتُزخرف من الحول إلى الحول لدخول شهر رمضان فإذا كانت أول ليلة من شهر رمضان هبت ريح من تحت العرش، يقال لها: المثيرة، تصفق ورق أشجار الجنة، وحلق المصاريع، فيسمع لذلك طنين لا يسمع السامعون أحسن منه، وتجيء الحور العين حتى تقف بين يدي شرف الجنة، فينادين: هل من خاطب إلى الله ــ عز وجل ــ فيزوجه؟ ثم يقلن: يا رضوان، ما هذه الليلة؟ فيجيبهم بالتلبية، ثم يقول: يا خيرات حسان، هذه أول ليلة من شهر رمضان فتحت أبواب الجنان للصائمين من أمة أحمد ﷺ قال: ثم يقول الله ــ عز وجل ــ: يا رضوان، افتح باب الجنان. يا مالك، أغلق أبواب النار عن الصائمين من أمة أحمد ﷺ يا جبريل إهبط إلى الأرض فصفد مردة الشياطين، وغلهم بالأغلال، ثم اقذف بهم في لجج البحار حتى لا يفسدوا على أمة حبيبي صيامهم. قال: ويقول الله ــ عز وجل ــ في كل ليلة من شهر رمضان ثلاث

مرات: هل من سائل فأعطيه؟ هل من تائب فأتوب عليه؟ هل من مستغفر فأغفر له؟ من يقرض المليء غير المعدوم؟ والوفي غير الظلوم؟ قال: ولله ـ عز وجل ـ في كل يوم من شهر رمضان عند الإفطار ألف ألف عتيق من النار، فإذا كانت ليلة الجمعة ويوم الجمعة أعتق في كل ساعة منها ألف ألف عتيق من النار كلهم قد استوجب العذاب، فإذا كان في آخر شهر رمضان أعتق في ذلك اليوم بقدر ما أعتق من أول الشهر إلى آخره، فإذا كانت ليلة القدر يأمر جبريل عليه السلام ليهبط في كبكبة، وله ستمائة جناح، منها جناحان لا ينشرهما إلا في ليلة القدر، فينشرها تلك الليلة فيجاوزان المشرق والمغرب، ويبث جبريل ـ عليه السلام ـ الملائكة في هذه الأمة فيسلمون على كل قائم وقاعد ومصل وذاكر ويصافحونهم ويؤمنون على دعائهم حتى يطلع الفجر، فإذا طلع الفجر نادى جبريل ـ عليه السلام ـ: يا معشر الملائكة الرحيل الرحيل، فيقولون: يا جبريل ما صنع الله في حوائج المؤمنين من أمة محمد ﷺ فيقول: إن الله تعالى نظر إليهم في هذه الليلة فعفا عنهم وغفر لهم إلا أربعة، فقال رسول الله ﷺ: وهؤلاء الأربعة: رجل مدمن السكر، وعاق لوالديه، وقاطع رحم، ومشاحن، فقيل: يارسول الله وما المشاحن؟ قال: هو المصارم، فإذا كانت ليلة الفطر سميت ليلة الجائزة وإذا كانت غداة الفطر يبعث الله ـ عز وجل ـ الملائكة فيهبطون إلى الأرض فيقومون على أفواه السكك فينادون بصوت يسمعه جميع من خلق الله إلا الجن والإنس فيقولون: يا أمة محمد اخرجوا إلى رب كريم يغفر العظيم، فإذا برزوا إلى مصلاهم يقول الله ـ عز وجل ـ يا ملائكتي ما جزاء الأجير إذا عمل عمله؟ فيقول الملائكة: إلهنا

وسيدنا جزاؤه أن توفيه أجره، فيقول الله تعالى أشهدكم يا ملائكتي أني قد جعلت ثوابهم من صيامهم شهر رمضان وقيامهم رضائي ومغفرتي، ويقول الله: سلوني فوعزتي وجلالي لا تسألوني اليوم في جمعكم هذا لآخرتكم إلاَّ أعطيتكموه ولا لدنيا إلاَّ نظرت لكم وعزتي لأسترنَّ عليكم عثراتكم ما راقبتموني، وعزتي لا أخزيكم ولا أفضحكم بين أصحاب الحدود أو الجدود ـ شك أبو عمرو ـ انصرفوا مغفوراً لكم قد أرضيتموني ورضيت عنكم. قال: فتفرح الملائكة ويستبشرن بما يعطي الله هذه الأمة بما أفطروا )).

واتە ((بەڕاستی بەهەشت خۆی دەڕازێنێتەوە وە خۆی جوان دەكات لەم ساڵەوە بۆ ئەو ساڵ بەهۆی هاتنی مانگی ڕەمەزانەوە وە كاتێ یەكەم شەوی مانگی ڕەمەزان دێت بایەك هەڵدەكات لەژێر عەرشەوە پێی دەوترێت (( المپيره )) لە گەڵای دارەكانی بەهەشت دەدات وە لە دەرگاكانی بەهەشت دەدات دەنگێكی خۆشی دێت كە كەس پێشتر لە دەنگە خۆشتریان نەبیستووە، وە لە پاشاندا حورولعینەكان دێن تاكو لەبەردەمی تاقەكانی بەهەشتدا ڕادەوەستن وە بانگدەكەن: داخوازی كارێك هەیە لەلای خوا داخوازیمان بكات تا شووی پێبكەین؟ پاشان دەڵێن: ئەی رزوان ئەم شەو چی شەوێكە؟ ئەویش وەڵامیان دەداتەوەو پاشان دەڵێت: ئەی باشترینی جوانەكان ئەمە یەكەم شەوی مانگی ڕەمەزانە كەوا دەرگاكانی بەهەشتەكان كراونەتەوە بۆ ڕۆژووەوانی ئوممەتی أحمد ﷺ ووتی: پاشان خوای گەورە دەفەرمێت ئەی رزوان دەرگای بەهەشتەكان بكەرەوە، ئەی مالیك دەرگاكانی دۆزەخ دابخە لە ڕۆژووەوانی ئوممەتی أحمد ﷺ وە ئەی جبریل

تۆش دابەزە بۆ سەر زەوی و شەیتانە سەركەش و یاخی بووەكان كۆت بكە. وە بیان بەستەرەوە بە كۆت و زنجیر، پاشان فڕێیان بدەرە ناو شەپۆلی دەریاكانەوە بۆ ئەوەی ڕۆژووی ڕۆژووەوانی ئوممەتی خۆشەویستەكەم بەتاڵ نەكەنەوە. ووتی: وە پاشان خوای گەورە لە هەموو شەوێكی مانگی ڕەمەزاندا سێ جار بانگ دەكات: ئایە هیچ داواكارێك هەیە تاكو داواكەی پێ ببەخشم؟ وە ئایە هیچ تۆبەكارێك هەیە تاكو تۆبەكەی لێ وەرگرم؟ وە ئایە هیچ كەسێك هەیە بڵێت خودایە لێم خۆش بە تاكو منیش لێی خۆش بم؟ وە كێ قەرز دەدات بە دەوڵەمەندێكی پڕی هەبوو ؟ وەبە وەفادارێكی ناستەمكار؟ ووتی: خوای گەورە لە هەموو ڕۆژێكی مانگی ڕەمەزاندا لە كاتی ڕۆژوو شكاندندا هەزار هەزار كەس ڕزگار دەكات لە ئاگری دۆزەخ، وە كاتێك شەو و ڕۆژی هەینی دێت لەهەر ساتێكیدا هەزار هەزار كەس ڕزگاریان دەكات لە ئاگر هەموو ئەو كەسانە سزای خوای گەورە لە دەرهەقیان پێویست بوو، وە كاتێك كۆتا شەوی مانگی ڕەمەزان دێت خوای گەورە لەو ڕۆژەدا بە ئەندازەی كە لەسەرەتای ڕەمەزانەوە تاكو كۆتایی ڕەمەزان ئازادكراوە ئازادی دەكات، وە كاتێك شەوی (قەدر) دێت فەرمان دەكرێت بە جبریل بۆ ئەوەی لەگەڵ كۆمەڵێ فریشتەی زۆردا دابەزێت وە (جبرائیل)یش شەش سەد باڵی هەیە دوو باڵی لەو باڵانە هیچ كات نایان كاتەوە تەنها لە شەوی قەدردا نەبێت، بۆیە لەو شەوەدا دەیان كاتەوە و سنوری ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاوا دەبەزێنێت، وە (جبرائیل)یش فریشتەكان بڵاو دەكاتەوە بەناو خەڵكی ئەم ئوممەتەدا وەسڵاو دەكەن لە هەركەسێك كە بە

پێوە ڕاوەستابێت یان دانیشتبێت یاخود نوێژ بکات یان یادی خوا بکات وە هەروەها تەوقەشیان لەگەڵ دەکەن وە دەڵێن أمین لەسەر دوعاکانیان تاکو ڕۆژ دەبێتەوە، کاتێك کە ڕۆژ دەبێتەوە (جبریل) بانگ دەکات: ئەی کۆمەڵی فریشتەکان ڕۆشتن ڕۆشتن، فریشتەکانیش دەڵێن: ئەی جبرائیل خوای گەورە چی کرد دەربارەی پێداویستییەکانی بڕوادارانی ئوممەتی محمد ﷺ لەم شەوەدا؟ ئەویش دەڵێت: خوای گەورە لەم شەوەدا تەماشای هەموویانی کردو لە هەمویان بوراو لە هەموویان خۆش بوو تەنها چوار کۆمەڵ نەبێت،پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی ئەم چوار کۆمەڵە ئەمانەن: کەسێکی مەی خۆر بەبەردەوام، وە کەسێك ئازاری دایك و باوکی دابێت، وە کەسێك سۆزی خزمایەتی بچڕاندبێت، وە (مشاحن)ێکیش، ووترا ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ (مشاحن) چییە؟ فەرمووی: واتە کەسی بیدعە چی، وە کاتێك کە شەوی جەژنی ڕەمەزان دێت کە بەو شەوە دەوترێت شەوی خەڵات، وە کاتێکیش کە بەرەبەیانی ڕۆژی جەژن دێت خوای گەورە فریشتەکان دەنێرێت و دادەبەزن بۆ سەر زەوی و لەسەر ڕێگاکان دەوەستن و بانگ دەکەن بە دەنگێك کەوا هەموو دروست کراوەکانی خوای گەورە گوێیان لێ دەبێت تەنها جنۆکەو مرۆڤەکان نەبێت، وە دەڵێن: ئەی ئوممەتی محمد ﷺ دەرچن و وەرن بۆ لای پەروەردگارێکی بەخشندە کەوا لە تاوانە گەورەکان خۆش دەبێت، وە کاتێك کە خەڵکانی ڕۆژووەوان دەچن بۆ شوێنی ئەنجام دانی نوێژی جەژن خوای گەورە دەفەرمێت ئەی فریشتەکانم ئایە پاداشتی کەسێکی کرێکار چییە کاتێك کە کارەکەی تەواو ئەنجام

دابێت؟ فریشتەكان دەڵێن: ئەی خوای گەورەی ئێمە پاداشتەكەی ئەوەیە كە كرێكەی تەواوپێبدرێت، خوای گەرورە دەفەرمێت ئەوا ئێوە شاهید و ئاگادار بن ئەی فریشتەكانم كەوا من پاداشتی ڕۆژوو گرتنەكەی مانگی ڕەمەزان و شەو نوێژ كردنەكەیان دەدەمەوە بەوەی لێیان ڕازی بووم و لێیان خۆش بووم، وە خوای گەورە دەفەرمێت: ئەی خەڵكینە داوا بكەن سوێند بێت بە تواناو دەسەلأت و گەورەیی خۆم ئەمڕۆ لەم كۆمەڵ بوونەتاندا كە بۆ دواڕۆژتانە هیچ داوایەكم لێ ناكەن ئیلا پێتان دەبەخشم، وە هیچ كارێكی دونیایی ئەنجام نادەن ئیلا من تەماشاتان دەكەم سوێند بێت بە تواناو گەورەیی خۆم دەبێت هەموو هەڵەو كەم و كورپییەكانتان بشارمەوەمادام بەردەوام هەست بەچاودێری من دەكەن، سوێند بێت بە توانای خۆم سەرشۆڕ و سەر زەنشتان ناكەم لە نێوان ئەوانەی كە دەبێ حەدەكانیان بەسەر جێ بەجێ بكرێت، بڕۆن لێتان خۆش بووم لەبەر ئەوەی كەوا منتان ڕازی كردوو منیش لێتان ڕازی بووم، دەڵێت: بۆیە فریشتەكان هەموان پێیان خۆشەو دڵخۆش دەبن بەو پاداشتە گەورەیەی كە دەدرێت بە ئەم ئوممەتە بەهۆی ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانەوە)).

موضوع. أخرجه الأصبهاني في ترغيبه (١٧٨)، وابن الجوزي في الواهيات (٨٨٠)، والبيهقي في الشعب (٣٦٩٥).

١٩. عن ابن عمر ﷺ عن النبي ﷺ قال: ((إن الجنة تُزخرف لرمضان، من رأس الحول إلى الحول (وفي رواية: إلى حول قابل) قال: فإذا كان أوَّل يومٍ من

رمضان هَبَّت ريحٌ تحت العرش من فِرْق الجنة على الحور العين، فيقلن: يا رب اجعل لنا من عبادك أزواجاً تقرُّ بهم أعيننا، وتقرُّ أعينهم بنا )).

واته ((بەڕاستى بەهەشت خۆى دەڕازێنێتەوە بۆ مانگى ڕەمەزان لەسەرى ساڵەوە بۆ ساڵێكى تر( (وە لەڕیوایەتێكدا: تاكو ساڵى داهاتوو))، فەرمووى: كاتێك كە یەكەم ڕۆژى ڕەمەزان دێت بایەك هەڵدەكات لەژێر عەرشەوە لە تەپۆلكەكانى بەهەشتەوە بەسەر حۆرولعەینەكانەوە، ئەوانیش دەڵێن: ئەى پەروەردگار لەبەندەكانى خۆت كەسانێك بكە بە هاوسەرمان كەوا چاومان پێیان گەش بێتەوە، وە ئەوانیش چاویان بە ئێمە ەش ببێتەوە)).

منكر. أخرجه تمام في فوائده (١/ ٢٤-٢٥)(٣٤)، وابن الجوزي في الواهيات(٨٨١)، والبيهقي في الشعب (٣٦٣٣).

٢٠. عن عبدالله بن مسعود ﵁ عن النبي ﷺ قال: ((إذا كان أوَّل ليلة من شهر رمضان فتحت أبواب الجنات فلم يغلق منها باب واحد الشهر كُلَّه، وغُلقت أبواب النار فلم يفتح منها باب واحد الشهر كلها وغلت عتات الجن، ونادى منادي من السماء كل ليلة إلى انفجار الصبح يا باغي الخير يمم وأبشر، ويا باغي الشر أقصر، وانظر هل من مستغفر نغفر له، هل من تائب نتوب عليه، هل من داعي نستجيب له، هل من سائل نعطي سؤله، ولله تعالى عند كل فطر من شهر رمضان كل ليلة عتقاء من النار ستون ألفاً، فإذا كان يوم الفطر أعتق مثل ما أعتق في جميع الشهر ثلاثين مرة ستين ألفا )).

واتــە ((كاتێـك كـە یەكـەم شـەوی ڕەمـەزان دێـت هـەموو دەرگاكـانی بەهەشت دەكرێتەوە، هیچ یـەك لـەو دەرگایانـە داناخرێـت بـە درێـژایی ئـەو مانگـە، وە هــەموو دەرگاكــانی دۆزەخ دادەخرێــت، وە هــیچ یــەكێك لــەو دەرگایانــە ناكرێتــەوە بــە درێــژایی ئــەو مانگــە هــەمووی، وە جنۆكــە خراپـەكارەكان كـۆت و زنجـیر دەكـرێن، وە بـانگ كـەرێك بـانگ دەكـات لـە ئاسمانەوە هەموو شەوێك تـاكو دەركـەوتنی بەرەبـەیان و دەڵێـت ئـەی ئـەو كەسەی كە خێرو چـاكەت دەوێـت بـەردەوام بـەو مـژدە بێـت لێـت، وە ئـەو كەسەی كە خراپەت دەوێت دەست هەڵگرەو بەسە، وە تەماشـا بكـەو بزانـە هیچ كەسێك هەیە بڵێ خودا لێم خۆش بە تـاكو لێـی خـۆش بـبن، ئایـە هـیچ تۆبەكارێك هەیە تاكو تۆبـەی لێ وەرگـرین، ئایـە هـیچ داواكارێـك هەیـە تـاكو وەڵامی بدەینەوە، ئایە هیچ پرسیار كەرێك هەیە تاكو داواكەی پێببەخشین، وە خوای گەورە لە كاتی هەموو ڕۆژوو شكاندنێكدا لـە مـانگی ڕەمەزانـدا وە لە هەموو شەوێكدا شەست هەزار كەس ئـازاد دەكـات لـە ئـاگری دۆزەخ، وە كاتێك كە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان دێت خوای گەورە بەهاوتای ئەوەنـدەی كـە لە تێكڕای مانگەكەدا كە سی جار شەسـت هـەزار كەسـییە ئـازاد دەكـات لـە ئاگر)).

منكـر. أخرجـه البيهقـي في الـشعب (٣٦٠٦)، وأورده الحـافظ في اللـسان (٧/ ٢٠٥).

٢١. عن ابن عمر رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: ((تفتح أبواب الجنة في أوّل ليلةٍ من رمضان إلى آخر ليلة، وتُغَلُّ فيه مَرَدةُ الشياطين ويبعث الله منادياً ينادي: يا باغي الخير هَلُمَّ، هل من داعٍ يستجاب له، هل من مستغفرٍ يغفر له، هل من تائب يُتاب عليه، وقال: إنّ لله عند وقت الفطر في كل ليلةٍ من رمضان عتقاء يعتقهم من النار )).

وفي رواية: ((في رمضان تُفتح أبواب الجنة، وتُغلقُ أبواب النار، وتُغَلُّ مردة الشياطين وينادي منادٍ من السماء: يا طالب الخير هلم، هل من تائب يغفر له؟ هل من سائل يُعطى؟ ولله ــ عز وجل ــ عند فطر كل ليلة عتقاء من النار )).

واتە ((دەرگاكانی بەهەشت هەموویان دەكرێنەوە لەیەكەم شەوی ڕەمەزانەوە تاكو كۆتا شەوی ئەو مانگە، وە شەیتانە سەركەشەكانی تیادا كۆت و زنجیر دەكرێن، وە خوای گەورە بانگ كەرێك دەنێرێت كە بانگ دەكات و دەڵێت: ئەی ئەو كەسەی كە خێرو چاكەت دەوێت وەرەو ئامادە بەو بەردەوام بە، ئایە داواكارێك هەیە كە وەڵامی بدرێتەوە، ئایە هیچ كەسێك هەیە كە داوا بكات خودا لێی خۆش بێت تاكو لێی خۆش بێت، وە ئایە هیچ تەوبەكارێك هەیە تاكو تەوبەی لێ وەربگیرێت، وە دەڵێت: خوای گەورە لەكاتی هەموو ڕۆژوو شكاندنێكدا لە هەموو شەوەكانی ڕەمەزاندا كۆمەڵە خەڵكێك ئازاد دەكات لە ئاگری دۆزەخ، ((وە لەڕیوایەتێكدا: لە مانگی ڕەمەزاندا هەموو دەرگاكانی بەهەشت دەكرێنەوە، وە هەموو دەرگاكانی دۆزەخ دادەخرێن، وە هەموو شەیتان و جنۆكە سەركەشەكان كۆت و زنجیر دەكرێن، وە بانگكەرێك لە ئاسمانەوە بانگ دەكات: ئەی ئەو

كەسەی كە دەتەوێت چاكە بەدەست بهێنیت ئامادەبەو پەلە بكە، ئایە هیچ تەوبەكارێك هەیە تاكو خوای گەورە لێی خۆش بێت؟ وە ئایە هیچ پرسیار كەرێك هەیە تاكو پێی ببەخشرێت؟ وە خوای گەورە لە كاتی هەموو رۆژو شكاندنێكدا خەڵكی ئازاد و رزگار دەكات لە ئاگری دۆزەخ)).

منكر. أخرجهما أبو طاهر في مشيخته (ص٨٠–٨١، ١١٢) برقم (١٤، ٤٢).

٢٢. عن أبي سعيد الخدري ﷺ عن النبي ﷺ قال: ((إنَّ أبواب السماء تفتح في أوَّل ليلةٍ من شهر رمضان فلا تُغلق إلى آخر ليلةٍ منه)).

وفي رواية: ((إذا كان أولُ ليلةٍ من رمضان فتحت أبواب السماء فلا يغلق منها باب حَتَّى يكون آخر ليلة من رمضان، فليس من عبدٍ مؤمن يُصلي في ليلة منها إلاَّ كتب الله له ألفاً وخمس مائة حسنة، بكُلّ سجدة، وبنى له بيتاً في الجنة من ياقوتةٍ حمراء لها ستون ألف باب لكل باب منها قصرٌ من ذهب موشحٌ بياقوتةٍ حمراء، فإذا صام أول يومٍ من رمضان غفر له ما تقدَّم من ذنبه إلى مثل ذلك اليوم ومن شهر رمضان استغفر له كلَّ يومٍ سبعون ألف ملكٍ، من صلاة الغداة إلى أن توارى بالحجاب. وكان له بكلّ سجدةٍ سجدها في شهر رمضانَ بليلٍ أو نهارٍ شجرة يسير الراكب في ظلّها خمسمائة عام )).

واتە ((بەڕاستی هەموو دەرگاكانی ئاسمان دەكرێنەوە لە یەكەم شەوی مانگی ڕەمەزاندا بۆیە بە هیچ شێوەیەك داناخرێت تاكو كۆتا شەوی ئەو مانگە، ((وە لەڕیوایەتێكدا: كاتێك كە یەكەم شەوی ڕەمەزان دێت هەموو

دەرگاكانی ئاسمـان دەكرێنـەوە وە هـیچ دەرگایـەكی داناخرێـت تـاكو كۆتا شەوی مانگی ڕەمەزان، وە هیچ بەندەیەكی بڕوادار نییە كە لـە شـەوێك لەو شەوانەدا نوێژ بكات ئیلا خوای گەروره بەهۆی یەك سوجدە بردنێـك كـە لـەو شـەوەدا بردوویـەتی هـەزارو پێـنج سـەد چـاكەی بـۆ دەنوسـرێت، وە كۆشكێكیشی بۆ دروست دەكرێت لە بەهەشتدا لە گەوهەرێكی سور كـە ئـەو كۆشـكە شەسـت هـەزار دەرگـای هەیـە لەبـەردەم هەریـەك لـەو دەرگایانـە كۆشكێك هەیـە كـە لـە ئـاڵتونێكی دەور دراو بـە گەوهـەرێكی سـور دروسـت كراوە، وە كاتێك كە یەكەم ڕۆژ دەگرێت لە ڕەمەزان. خوای گەورە لە هەموو ئەو تاوانانەی خۆش دەبێت كە لە ڕابردوودا كردوویەتی هەتاكو دەگاتە ئـەو ڕۆژەی كە بەڕۆژووە، وە لـە مـانگی ڕەمەزانـدا هـەموو ڕۆژێـك حـەفتا هـەزار فریشتە دوعـای خێـری بـۆ دەكـەن، هـەر لـە نوێـژی بەیانییـەوە دوعـای بـۆ دەكەن تاكو خـۆر ئـاوا دەبێت. وە هـەروەها بـەهۆی هـەر سـوجدەیەك كـە بردوویەتی بۆ خوای گەورە لە مانگی ڕەمەزاندا ئینجا شەو سوجدەی بردبـێ یـاخود ڕۆژ ئـەوا خـوای گـەورە لەبەهەشـتدا دارێكـی پـێ دەبەخـشێت كـە سوارچاكێك دەتوانێت لەسێبەرەكەیدا پێنج سەد سـاڵ بـڕوات و ڕێ بكـات)) )).

موضوع. أخرجـه الطبرانـي (١/ ٢٠٢-٢٠٣)، والبيهقـي في الـشعب (٣/ ٣١٤)، وفي فضائل الأوقات (ص١٥٥).

٢٣. عن الحسن عن النبي ﷺ قال: ((إن لله ـــ تعالى ـــ في كل ليلة من رمضان ستمائة عتيق من النار، فإذا كان آخر ليلة أعتق الله بعدد كل مَنْ مضى)).

وفي رواية: ((إن لله ـــ عزوجل ـــ في كل ليلة من رمضان ستمائة ألف عتيق من النار، فإذا كان آخر ليلة أعتق بعدد ما مضى من الليالي)).

واته ((خوای گەورە بۆ خۆی دایناوە لە هەموو شەوێکی ڕەمەزاندا کە شەش سەد کەس ڕزگار بکات لە ئاگری دۆزەخ، کاتێك کە دواین شەوی ڕەمەزان دێت خوای گەورە بە ژمارەی ئەو کەسانەی کە تێکڕا لە ڕەمەزاندا ئازادی کردوون لە ئاگر ئازادو ڕزگار دەکات لە ئاگری دۆزەخ، ((وە لەڕیوایەتێکدا: خوای گەورە بۆ خۆی دایناوە لە هەموو شەوێکی ڕەمەزاندا کە شەشە سەد هەزار کەس ڕزگار بکات لە ئاگری دۆزەخ، کاتێك کە دواین شەوی ڕەمەزان دێت خوای گەورە بە ژمارەی ئەو شەوانەی پێش کە ڕابورد ئازادو ڕزگار دەکات لە ئاگری دۆزەخ )))).

ضعيف. أخرجه البيهقي في الشعب (٣٦٠٤)، والأصبهاني في ترغيبه (١٨٢٣).

٢٤. عن أنس رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: ((إن لله ـــ عز وجل ـــ في كل يومٍ ستمائة ألف عتيق من النار كلهم قد استوجب النار )).

وفي رواية: ((إن الله ـــ تبارك وتعالى ـــ يعتق في كل ليلة جمعةٍ أو قال في كل جمعة ستمائة ألف عتيق من النار كلهم قد استوجب النار )).

واتە ((خوای گەورە بۆ خۆی دایناوە لە هەموو ڕۆژێكدا كە شەش سەد هەزار كەس ئازاد و ڕزگار بكات لە ئاگر، ئەو كەسانە هەر هەموویان دۆزەخیان بۆ واجب و پێویست ببوو، ((وە لەڕیوایەتێكدا: خوای گەورە لە هەموو شەوێكی جومعەدا یاخود فەرمووی لە هەموو جومعەیەكدا: شەش سەد هەزار كەس ڕزگار دەكات لە ئاگر ئەو كەسانە هەر هەموویان دۆزەخیان بۆ واجب و پێویست ببوو)))).

منكر. أخرجه ابن حبان في المجروحين (١/ ١٧٨)، والأصبهاني في ترغيبه (٢/ ٣٨٠)(١٨٢٢)، وابن الجوزي في الموضوعات (١١٢٢).

٢٥. عن سلمان الفارسي رضي الله عنه قال: ((خطبنا رسول الله صلى الله عليه وسلم في آخر يوم من شعبان، فقال: أيها الناس إنه قد أظلكم شهر عظيم شهر مبارك شهر فيه ليلة خير من ألف شهر، جعل الله تعالى صيامه فريضةً وقيام ليله تطوعاً من تقرب فيه بخصلةٍ من خصال الخير كان كمن أدى فريضة فيما سواه ومن أدى فيه فريضة كان كمن أدى سبعين فريضة فيما سواه، وهو الشهر الصبر، والصبر ثوابه الجنة، وشهر المواساة وشهر يُزاد في رزق المؤمن فيه، ومن فطر صائماً كان له مغفرة لذنوبه وعتق رقبته من النار وكان له مثل أجره من غير أن ينقص من أجره شيء، قلنا: يا رسول الله ليس كلنا يجد ما يفطر الصائم، فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم: يعطي الله هذا الثواب من فطر صائماً على مذقة لبنٍ أو تمرةٍ أو شربة ماءٍ، ومن سقى صائماً سقاه الله من حوضه شربة لا يظمأ حتى يدخل الجنة، وهو شهر أوله رحمة وأوسطه مغفرة وآخر عتق من النار،ومن خفف عن مملوكه فيه غفر الله له وأعتقه من النار، فاستكثروا فيه من

أربع خصال: خصلتين ترضون بهما ربكم، وخصلتين لا غنى لكم عنهما، فأما الخصلتان اللتان ترضون بهما ربكم، فشهادة أن لا إله إلا الله وتستغفرونه، وأما اللتان لا غنى لكم عنهما، فتسألون الله تعالى الجنة، وتعـوذون بـه مـن النار )).

واتـە ((لـە سـەلمانی فارسـییەوە ڕەزای خـوای لێ بێـت فەرموویـەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ لە كۆتـایی ڕۆژی مـانگی شـەعبان ووتـارێكی بۆمـان دا فەرمووی: ئەی خەڵكینە بەڕاستی وا مانگێـك دێت بەسـەرتانا كـە مـانگێكی زۆر گەورەو پیرۆزە وە مانگێكە شەوێكی تیادایە كە چاكترە لە هەزار مانگ، خوای گەورە ڕۆژوو گرتنەكەی فەرزو پێویست كردووە وە هەڵسان بۆ شـەو نوێژو تەراویحەكەشی بە سووننەت بۆتـان دانـاوە، هەركەسـێك لـەو مانگـەدا خۆی لە خوا نزیك بكاتەوە بە ڕەوشت و ئاكارێك لە ئاكارە جوان و چاكەكان ئەو كەسە وەك ئەوە وایە فەرزێكی ئەنجام دابێت لـە غـەیری ڕەمەزانـدا. وە هەركەسێك لەو مانگەدا فەرزێك ئـەنجام بـدات ئـەوە وەك ئـەوە وایـە حـەفتا فەرزی لە غەیری مانگی ڕەمەزاندا بە ئـەنجام گەیانـدبێت ، ڕەمـەزان مـانگی ئارام گرتنە، وە ئارام گرتنیش پاداشتەكەی بەهەشـتە، وە ڕەمـەزان مـانگی دڵ دانەوەیە، وە مانگێكە ڕزق و ڕۆزی بڕواداranی تیادا زیـادو زۆر دەكرێـت، وە هەركەسێك ڕۆژووەوانێك نان بدات ئەو نان دانـەی دەبێتـە هـۆی لێخـۆش بـوونی گوناهـەكانی و ڕزگاربوونیـشی لـە ئـاگری دۆزەخ وە هـەروەها بـە هاوتایی ئەو كەسە پاداشـتی دەسـت دەكـەوێت بـەبێ ئـەوەی لـە پاداشـتی ڕۆژوو گرەكـە كـەم ببێتـەوە، ووتمـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئێمـە

هەموومان نیمانە كە خواردن و نان بدەین بە ڕۆژووەوان، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: خوای گەورە ئەو پاداشتانە دەبەخشێت بە هەركەسێك كە قومە شیرێك یاخود قلە خورمایەك یاخود قومە ئاوێك بدات بە ڕۆژووەوانێك، وە هەركەسێك ڕۆژووەوانێك تێر ئاو بكات ئەوا خوای گەورە تێر ئاوی دەكات لە ئاو كۆو حەوزی خۆی لە دواڕۆژدا ئیتر تونییان نابێت تاكو دەچنە ناو بەهەشتەوە، بەڕاستی مانگی ڕەمەزان سەرەتاكەی ڕەحمەتە وە ناوەڕاستەكەشی لێخۆش بوونە وە كۆتاییەكەشی ڕزگار بوونە لە ئاگری دۆزەخ، وە هەر كەسێك كار ئاسان بكات لەسەر شانی ژێر دەستەكانی ئەوا خوای گەورە لێی خۆش دەبێت و ڕزگاری دەكات لە ئاگر، بۆیە چوار ئاكار و ڕەوشت هەن لەم مانگەدا زۆر ئەنجامیان بدەن: دوو ئاكاریان لەوانە دەتوانن خوای گەورەیان پێ ڕازی بكەن، وە دوو ئاكاری تریش لەوانە ناتوانن لێیان بێ پێویست بن، لە پاشاندا بزانن كە ئەو دوو ئاكارەی دەتوانن پەروەردگارتانی پێی ڕازی بكەن، یەكەم شایەتی دانە بەوەی كە هیچ پەرستراوێك نییە بە حەق و ڕاستی كە پەرستنی بۆ بكرێت تەنها زاتی خودا نەبێت، دووەمیان زۆر أسغفرالله كردن و تەوبەكردنە بۆ لای خوای گەورە، وە لە پاشاندا ئەو دووانەی كە ناتوانن لێی بێپێویست بن، یەكەمیان ئەوەیە كە داوای بەهەشت بكەن لە خوای گەورە، وە دووەمیان پەنا گرتنە بە خوای گەورە بلە ئاگری دۆزەخ )).

منكر. أخرجه ابن خزيمة في صحيحه (١٨٨٧)، وابن أبي الدنيا في فضائل رمضان (ص٦٩ برقم ٤١)، والبيهقي في الشعب (٣٦٠٨)، والأصبهاني في الترغيب والترهيب (١٧٥٣)، وضعفه الألباني رحمه الله في الضعيفة (٨٧١).

٢٦. عن سلمان ﵁ عن النبي ﷺ قال: ((من فَطَّرَ صائماً في رمضان، أي: من كسب حلال، صلَّت عليه الملائكة في ليالي رمضان كُلِّها، وصافحه جبريل عليه السلام،ومن يصافحه جبريل يَرِقُّ قلبُه وتكثر دموعه)) قال رجل: يا رسول الله فإن لم يكن ذاك عنده؟

قال: ((قرصة من طعام)) قال: أرأيت من لم يكن ذاك عنده .

قال: ((فعلقة خبز)) قال: أفرأيت إن لم يكن ذاك عنده .

قال: ((فمذقة لبن )) قال: أفرأيت من لم يكن ذاك عنده .

قال: ((فشربةٌ من ماءٍ)) .

واته ((هەركەسێك ڕۆژووەوانێك نان بدات لە ڕەمەزاندا، واتە: لە بژێوی كەسابەتێكی حەڵاڵ، ئەوا فریشتەكان لە هەموو شەوەكانی ڕەمەزاندا دوعای خێری بۆ دەكەن، وە هەروەها جبريل عليه السلام تەوقەی لەگەڵدا دەكات ، وە هەركەسێك جبریل تەوقەی لە گەڵدا بكات ئەوا دڵی نەرم دەبێت و فرمێسك و گریانی زۆر دەبێت، كابرایەك ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر بێت و كەسێك توانای نەبوو خواردن بدات؟ فەرمووی: ((گونكێك یاخود كولێرەیەكیش بێت لە خواردن هەر دەبێت)) كابرا ووتی: ئایە پێم بڵێ كەسێك ئەو شتەی نەبێت؟ فەرمووی: ((با بەركولێكیش بێت لە نانی

ڕووت )) كابرا ووتی: ((ئایە پێم بڵێ ئەگەر بێت و كەسێك ئەو شتەی نەبێت؟ فەرمووی: ((با بە چێژكردن و تام كردنێكی شیریش بێت)) كابرا ووتی: ((ئایە پێم بڵێ ئەگەر بێت و كەسێك ئەو شتەشی نەبێت؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((با قومە ئاوێكیش بێت )))).

منكر. أخرجه الطبراني في الكبير (٦١٦٢)، والأصبهاني في الترغيب والترهيب (١٧٦٣)، وابن الجوزي في الموضوعات (١١٢٥).

٢٧. عن أبي هريرة رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: ((أُعطيت أُمتي في شهر رمضان خمس خصال لم تعط أمة قبلهم: خلوف فم الصائم أطيبُ عند الله من ريح المسك، وتستغفر لهم الملائكة حتى يفطروا، ويُزيِّن الله كُلَّ يومٍ جنّته ثم يقول: يوشك عبادي الصائمون أن يُلقى عنهم المؤنةَ والأذى ويصيرون إليك وتُصفَّد فيه الشياطين، فلا يخلصون فيه إلى ما يخلصون في غيره، ويُغفرُ لهم في آخر ليلةٍ قيل: يا رسول الله: هي ليلة القدر؟ قال: لا، ولكنَّ العامل إنَّما يوفّى أجره إذا قضى عمله )).

واتە ((پێنج ئاكار و تایبەتمەندی دراوە بە ئوممەتەكەم لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا كە بە هیچ ئوممەتێك پێش من نەدراوە: بۆنی دەمی ڕۆژووەوان بۆن خۆشترە لەلای خوای گەورە لە بۆنی میسك، وە هەروەها فریشتەكان داوای لێخۆشبوونیان بۆ دەكەن تاكو ڕۆژووەكەیان دەشكێنن، وە هەموو ڕۆژێك خوای گەورە بەهەشتەكەی خۆی دەڕازێنێتەوە وە پاشان دەفەرمێت: نزیكە بەندە بە ڕۆژووەكانم كەوا نارحەتیو ئازاریان لە سەر هەڵگیرێتو هەموو شتێكی ئازار دەریان لێ دوور بكەوێتەوە و بێنە ناو تۆوە ئەی بەهەشت، وە

لەو مانگەدا شەیتانەكان دەبەستریٚنەوە و هیچ یەكیٚكیان ڕزگاریان نابیٚت لەو مانگەدا. كە لە مانگەكانی تر دەتوانن خۆیان ڕزگار بكەن، وە خوای گەورە لە كۆتا شەوی ڕەمەزاندا لیٚیان خۆش دەبیٚت، ووترا: ئەی پیٚغەمبەری خوا ﷺ: ئایە ئەوە شەوی قەدرە؟ فەرمووی: نەخیٚر بەلاٚم كریٚكار كاتیٚك كریٚكەی خۆی وەردەگریٚت كە كارەكەی بە ئەنجام گەیاند بیٚت بە تەواوی)).

منكر. أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٧٩٠٤) ، والأصبهاني في الترغيب والترهيب (١٧٥٧)، والطحاوي في مشكل الآثار (٣٠١٣)، وضعف الحديث العلامة أحمد شاكر رحمه الله في تعليقه وتحقيقه على مسند الإمام أحمد (٨/ ٣٠).

٢٨. عن أبي هريرة رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: ((**أوَّل شهر رمضان رحمة، وأوسطه مغفرة، وآخره عتق من النار** )).

واته ((سەرەتای مانگی ڕەمەزان ڕەحمەتە، وە ناوەڕاستەكەشی لیٚخۆش بوونە، وە كۆتاییەكەشی ئازاد بوونە لە دۆزەخ)).

ضعيف جداً أو منكر. أخرجه ابن أبي الدنيا في فضائل القرآن ص٦٥ (٣٧)، والعقيلي في ضعفائه (٢/ ١٦٢)، وابن عدي في الكامل (٤/ ٣٢٥)، والخطيب البغدادي في موضع أوهام الجمع والتفريق (٢/ ١٤٧)، والذيل التأريخ الكبير

(١١/ ١٤٧)، وابن عساكر في تأريخ دمشق، والعلامة الألباني رحمه الله في السلسلة الضعيفة (٤/ ٧٠).

٢٩. عن أبي هريرة ﷺ عن النبي ﷺ قال: ((أظلكم شَهْرُ رمضان بمحلوف رسول الله ﷺ ما مضى على المسلمين شهر خيرٌ لهم منه، ولا بالمنافقين شهر شرٌّ لهم منه، بمحلوف رسول الله ﷺ إن الله يكتب أجره ونوافله من قبل أن يدخل، ويكتب وزره وشقاءه قبل أن يدخل وذلك أنَّ المؤمن يُحِدُّ له النفقة للعبادة، وأنَّ المنافق يُحدُّ فيه غفلات المسلمين واتباع عوراتهم فهو غُنْمٌ للمؤمن يغتنمه الفاجر)).

وفي رواية: ((والذي يحلفُ به لقد أظلكم شهر ما أظل المسلمين شهر قط خير لهم منه ولا أتى على المنافقين شهر قط أضر عليهم منه...)).

واتە ((ئەوا مانگی ڕەمەزان هات بەسەرتاندا بەو سوێندەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەیخوات هیچ مانگێك تێپەڕ نەبووە بەسەر موسڵماناندا کە چاکتر بێت بۆیان لە مانگی ڕەمەزان، وە هیچ مانگێك تێپەڕ نەبووە بەسەر دووڕووەکاندا کە خراپتر بێت بۆیان لە مانگی ڕەمەزان، بەو سوێندەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ سوێندی پێ دەخوارد خوای گەورە پاداشت و هیدایەتی خۆی نووسیوە وە دیاری کردووە پێش ئەوەی مانگی ڕەمەزان بێت، وە هەروەها خوای گەورە گوناهو بەدبەختیشی نووسیوە و دیاری کردووە پێش ئەوەی ڕەمەزان بێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە بڕوادار نەفەقەو چاکەی بۆ دیاری دەکرێت بۆ پەرستنو چالاك دەبێت، بەڵام کەسی

دووڕوو بـەدوای بێئاگـایی موسـڵمانان دەكـەوێت و شـوێن نـاموس و شەرەفی موسڵمانان دەكەوێت، بەڕاستی ئەمەش دەستكەوتێكە بۆ بڕوادار كـە كەسـی گونهكـارو خراپـەكار دەیقۆزێتـەوە، وە لەڕیوایەتێكـدا: سـوێند بـەوەی كـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ سـوێندی پـێ دەیخـوات خـوای گـەورە مانگێكی بەسەردا هێناوە هەرگیز خوای گەورە مـانگی تـری ئاوهـای پـڕ لـە چاكەی نەهاوردووە بەسەر موسڵمانانەوە، وە هەروەها مانگێكی تـری ئاوهـا پڕ لە زەرەر بەسەر دووڕواندا نەهێناوە كە مانگی ڕەمەزانە)).

ضعيف. أخرجه الإمام أحمد مسنده (٥٦٥)، والعقيلي في ضعفائه (٣/ ٩٨١)، والطبراني في الأوسط (٩/ ٢١).

٣٠. عن أبي هريرة رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: ((لو يعلم العباد ما في رمضان لتمنت أُمتي أن يكون رمضان السنة كلها، فقال رجل من خزاعة: حدثنا، قال: إن الجنة تزين لرمضان من رأس الحول إلى الحول حتى إذا كان أول يوم من رمضان هبت ريح من تحت العرش فصفقت ورق الجنة فتنظر الحور العين إلى أعيننا بهم وتقر أعينهم بنا. قال: وما من عبد يصوم رمضان إلا زوج زوجة من الحور العين في خيمة من درة مجوفة مما نعت الله ـ عز وجل ـ ((حور مقصورات في الخيام)) على كل امرأة منهن سبعون حلة ليس منها حلة على لون الأخرى وتعطى سبعين لوناً من الطيب ليس منها لون على ريح الآخر، لكل امرأة منهن، سبعين سريراً من ياقوتة حمراء موشحة بالدر على كل سرير سبعون فراشاً بطائنها من استبرق وفوق الفرش سبعون أريكة لكل امرأة منهن

سبعون ألف وصيفة لحاجاتها وسبعون ألف وصيف مع كـــل وصـــيف صحفة من ذهب فيها لون طعام تجد لآخر لقمة منها لذة ال يجد لأولها ويعطى زوجها مثل ذلك على سرير من ياقوت أحمر عليها سواران من ذهب مكلل من ياقوت أحمر، قال: هذا لمن صام رمضان سوى ما حمل من الحسنات )).

واتە ((ئەگەر بەندەكان دەیان زانی چەندێ پاداشت لە ڕەمەزاندایە ئەوا ئوممەتەكەم ئاواتیان دەخواست كە ڕەمەزان هەموو ساڵەكە بوایە، كابرایەك لە تیرەی خوزاعە ووتی: بۆمان باس بكە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بەڕاستی بەهەشت لەسەری ساڵەوە بۆ سەری ساڵێكی تر لە خۆڕازاندنەوەدایە بۆ ڕەمەزان، كاتێك كە یەكەم ڕۆژ دێت بایەك هەڵدەكات لە ژێر عەرشەوە لە گەڵاكانی بەهەشت دەدات وە حۆرولعەینەكان تەماشای حاڵەتەكە دەكەن و دەڵێن: ئەی پەروەردگار لەم مانگەدا لە بەندەكانی خۆت هاوسەرێكمان بۆ دابنێ كە چاومان بەوان ڕۆشن بێتەوە و ئەوانیش چاویان بە ئێمە ڕۆشن ببێت، فەرمووی: هیچ بەندەیەك نییە كە مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بێت ئیلا خێزانێكی لە حورلعین پێدەبەخشرێت لەو خێزانانەی كە لەناو چادرگەیەكدان كە لە مرواریییەكی ناو بەتاڵ دروست كراوە هەروەك خوای گەورە وەصفی كردووە لە قورئاندا: (حور مقصورات في الخيـــام) هەر ئافرەتێك لەوانە حەفتا بەرگ و پۆشاكی لەبەرە هیچ پۆشاكێكیان نییە كە ڕەنگیان بەڕەنگی ئەوی تر بچێت، وە حەفتا جۆرو ڕەنگی بۆنیان پێدەبەخشرێت هیچ بۆنێكیان لە بۆنەكەی تر ناچێت، بۆ هەر ئافرەتێك لەوانە حەفتا تەختە بەندیان هەیە كە لە گەوهەرێكی سوری

دەورەدراو بە مرواری دروست کراوە، بۆ هەر تەختە بەندێك لەو تەختە بەندانـە حـەفتا جێگـەی پیـا داخـراوە کـە نـاوەوەی لـە ئاورێـشمەو وە لەسەرەوەی جێگەکە حەفتا قەنەفـە هەیـە، بـۆ هـەر یـەکێك لـەو ئافرەتانـە حەفتا هەزار خزمەت کاری پیاو وە حەفتا هەزار خزمـەتکاری ئـافرەت هەیـە بۆ پێداویـستییەکانی خـۆی بـەکاریان دەهێنێـت، بەدەسـت هـەر یـەکێ لـەو خزمەتکارانەوە قاپێکی ئاڵتوونی هەیە لـەناو ئـەو قاپانـە جۆرەهـا خـواردنی تێدایە یەکەم پـارو تـامێکی هەیـەو کۆتـا پـاروش تـامێکی دیکـەی هەیـە وە بەهەمان شێوە لەو خواردنانە بە خێزانی دەدرێت لەسەر تەختە بەنـدێك کـە لـە گەوهـەرێکی سـور دروسـت کـراوە وە هـەروەها دوو بـازنگی ئـاڵتونی بەقەدەوەیە کە دەورە دراوە بە گەوهەری سور، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئا ئەم پاداشتانە بۆ ئەو کەسەیە کە مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو بـووە جگـە لـەو چاکانەی بە عیبادەتی تر بەدەستی هێناون)).

موضـوع. أخرجـه البيهقـي في شـعب الإيمـان (٣٦٣٤)، وابـن الجـوزي في الموضوعات (١١١٩)، والأصبهاني في الترغيب والترهيب (١٧٦٥).

٣١. عن أبي هريرة رضي الله عنه عن الـنبي ﷺ قـال: (إذا كان أول ليلة مـن شـهر رمضان نظر الله إلى خلقه الصيام، وإذا نظر الله إلى عبد لم يعذبه أبداً ولله عـز وجل في كل يوم ألف ألف عتيق من النار، فإذا كان ليلة النصف مـن شـهر رمضان أعتق الله فيها مثل جميع ما أعتق، وإذا كان ليلة إحدى وعشرين أعتق الله فيها مثل جميع ما أعتق، وإذا كان ليلة ثلاث وعشرين أعتق الله فيها مثل

جميع ما أعتق في الشهر،فإذا كانت ليلة خمس وعشرين أعتق الله فيها مثل جميع ما أعتق في الشهر كله، فإذا كان ليلة تسع وعشرين أعتق الله فيها مثل جميع ما أعتق في الشهر كله، فإذا كانت الفطر ارتجت الملائكة وتجلى الجبار جل جلاله مع أنه كما يصفه الواصفون فيقول للملائكة وهم في عيدهم من الغد يوصي إليهم:

يا معشر الملائكة ما جزاء الأجير إذا وفَّى عمله؟ فتقول الملائكة: يوفَّى أجره. فيقول الله تعالى: أشهدكم أني قد غفرت لهم ).

واتە ((كاتێك یەكەم شەوی مانگی ڕەمەزان دێت خوای گەورە تەماشای خەڵكە بە ڕۆژووەكەی دەكات، وە ئەگەر هەر كات خوای گەورە تەماشای بەندەیەكی كرد ئەوا هەرگیز سزای نادات، وە خوای گەورە هەموو ڕۆژێكی ڕەمەزان هەزار كەس ئازاد دەكات لە ئاگری دۆزەخ، وە كاتێك دەگاتە شەوی نیوەی مانگی ڕەمەزان خوای گەورە بە ئەوەندەی كە لەپێشتردا ئازادی كردبوون ئازاد دەكات، وە كاتێك ڕەمەزان دەگاتە شەوی بیست و یەك خوای گەورە بەئەوەندەی كە لە پێشتردا ئازادی كردبوون ئازاد دەكات، وە كاتێك ڕەمەزان دەگاتە شەوی بیست و سێی خوای گەورە بەئەوەندەی كە لە پێشتردا ئازادی كردبوون لەو مانگەدا خەڵك ئازاد دەكات، وە كاتێك ڕەمەزان دەگاتە شەوی بیست و پێنجەم خوای گەورە بەئەوەندەی كە لە هەموو ئەو مانگەدا ئازاد كرابوون خەڵكی ئازاد دەكات، وە كاتێك ڕەمەزان دەگاتە شەوی بیست و نۆیەم خوای گەورە بەئەوەندەی كە لە هەموو ئەو

مانگـەدا ئـازادی كردبـوون خـەڵكی ئـازاد دەكـات، وە كـاتێكیش كـە جـــەژنی ڕەمـــەزان دێــت فریـــشتەكان ڕادەچـــەڵكێن و خـــوای گـــەورەش دەردەكەوێت لەگەڵ ئەوەشدا خوای گەورە بـەو شـێوەیە وەصـف دەكرێـت هەروەك چۆن وەصف كاران وەصفی دەكەن. خوای گـەورە بـە فریـشتەكان دەفـەرمێت ئـەوانیش لـە جـەژنی خەڵكیـدا بەشـدارن ئـەورۆ، خـوای گـەورە وەصـیەتی فریـشتەكان دەكـات: ئـەی كۆمـەڵی فریـشتەكان ئایـە پاداشـتی كرێكارێـك چـییە كاتێـك كارەكـەی خـۆی بەباشـی بەئـەنجام گەیانـدبێت؟ فریشتەكان دەڵێن: بێگومان پاداشت و مافی خۆی پێدەدرێت. خوای گەورە دەفەرمێت: ئەی كۆمەڵی فریشتەكان من ئێوە دەكـەم بـە شـاهید و چـاودێر بەوەی كە من لەوان خۆش بووم)).

موضوع. أخرجه الأصبهاني في الترغيب والترهيـب (١٧١٦)، وابـن الجـوزي في الموضوعات (١١٢٠)، وضعفه العلامة الألباني في السلسة الضعيفة (١/ ٤٧٠).

٣٢. عن أنس ﷺ عن النبي ﷺ قال: ((إن الله تبارك وتعالى ليس بتارك أحداً من المسلمين صبيحة أول يوم من رمضان إلا غفر له )).

واته ((خوای گەورە و بەدەسەلآت لەبەرەبەیانی یەكـەمی ڕۆژی ڕەمـەزان لـە هیچ یەكێك لە موسڵمانان ناگەڕێت ئیلا لێی خۆش دەبێت)).

موضوع. أخرجـه الخطيـب البغـدادي في تأريخـه (٥/ ٢٩٧)، وابـن الجـوزي في الموضوعات (٢/ ٥٥١)(١١٢١)، وفي العلل المتناهيـة (٢/ ٥٣٠–٥٣١)، والعلامـة الألباني رحمه الله في السلسلة الضعيفة (١/ ٤٦٥).

٣٣. عن أنس ﷺ عـن الـنبي ﷺ قـال: ((سبحان الله ما تـستقبلون ومـاذا يستقبلكم؟)). قال عمر بن الخطاب ﷺ: بأبي وأمي يا رسول الله وحي نزل أو عدو حضر.قال: ((لا ولكن شهر رمضان يغفر الله في أوَّل ليلة لكل أهل هذه القبلة )).قال: وفي القوم رجل يهز رأسه فيقول: بخ بخ، فقال له الـنبي ﷺ ((كأنه ضاق صدرك بما سمعت)) قال: لا والله يا رسول الله، ولكـن ذكـرت المنافق فقال النبي ﷺ: ((المنافق كافر، وليس في ذلك شيء )).

واته ((پاكی و بێگەردی بۆ خوای گەورە، دەزانن پێشوازی لە كێ دەكـەن و وە كێش پێشوازیتان دەكات؟ ئیمامی عومـەری كـوڕی خـەتتاب فـەرمووی: باوك و دایكم بەقوربانت بێت ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایە وەحی وسروشت بۆ دابـەزیوە یـاخود دوژمنێـك ئامـادەبووە، پێغەمبـەر ﷺ فـەرمووی: ((نـا نـەخێر بـەڵكو مـانگی ڕەمـەزان بەڕێوەیـە ئـەو مانگـەی كـە خـوای گـەورە لەیەكەم شەوەكەیدا لە هەموو ئەهلی قیبلە خۆش دەبێت، ووتـی لـەناو ئـەو خەڵكـەدا كابرایـەك سـەری دەجولانـدو پـێی سـەیر بـوو دەیـوت: بـخ بـخ؟ پێغەمبـەری خـوا ﷺ پێـی فـەرموو: ((وا دەردەكـەوێت دڵـت تونـد بـووە بـەوەی كـە گوێـت لێ بـوو، كـابرا ووتـی: نـەخێر سـوێند بێـت بـەخوا ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ، بـەڵكو بـیری دوو ڕووم كـردەوە، پێغەمبـەر ﷺ فەرمووی: دووڕوو بێباوەڕە، وە ئـەو حوكمدانـە هـیچ شـتێكی تیـادا نییـە)) .(((()

منكر. أخرجه البيهقي في الشعب (٣٦٢٠)، وابن خزيمة في صحيحه (١٨٨٥)، والطبراني في المعجم الأوسط (٤٩٣٥)، والعقيلي في الضعفاء (٣/ ٢٦٦) وحكم عليه الألباني بالنكارة فقال: منكر.

٣٤. عن أنس رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: ((إن لله ــ تعالى ــ عتقاء في كل ليلة من شهر رمضان إلاَّ رجلٌ أفطر على خَمْرٍ )).

وفي رواية: ((إن لله عتقاء في شهر رمضان عند كل فطر إلا رجلٌ أفطر على خَمْرٍ )).

واتە ((خوای گەورە لە هەموو شەوێكی مانگی ڕەمەزاندا خەڵك ئازاد دەكات لە ئاگری دۆزەخ مەگەر كابرایەك نەبێت كە بە مەی و عارەق ڕۆژووی شكاندبێت)).

وە لەڕیوایەتێكدا: ((خوای گەورە لە هەموو مانگی ڕەمەزاندا خەڵك ئازاد دەكات لە ئاگری دۆزەخ لە كاتی هەموو ڕۆژوو شكاندنێكدا مەگەر كابرایەك نەبێت كە بە مەی و عارق ڕۆژووی شكاندبێت)) .

منكر. أخرجه ابن عدي في الكامل (٨/ ٣٨٣)، والطبراني في الصغير (١/ ٢٦٤-الروض الداني).

٣٥. عن ابن عمر رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: ((صيام شهر رمضان بالمدينة كصيام ألف شهر رمضان فيما سواها )).

وفي لفظ: ((رمضان بالمدينة خيرٌ من ألف رمضان في غير المدينة...)).

وفي لفظ: ((رمضان بالمدينة خيرٌ من ألف رمضان فيما سواها من البلدان...)).

واتە ((ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان لە مەدینە وەکو ڕۆژووی هەزار مانگی ڕەمەزان وایە لە غەیری مەدینە)). ((وە لە گێڕانەوەیەکدا ڕەمەزان لە مەدینە بەسەر ببەیت چاکترە لە هەزار ڕەمەزان لە غەیری مەدینە)). ((وە لە گێڕانەوەیەکدا: ڕەمەزان لە مەدینە بەسەر ببەیت چاکترە لە هەزار ڕەمەزان لە غەیری مەدینە لەسەرجەم شارو شارۆچکەکاندا... )).

موضوع. أخرجه ابن الجوزي في الواهيات (٢/ ٥٧٧)(٩٤٧)، والبيهقي في الشعب (٣/ ٤٨٧)(٤١٤٨)، وابن عساكر في تأريخ دمشق (٤٣/ ٥٤٧-٥٤٨)، والعلامة الألباني رحمه الله في السلسلة الضعيفة (٢/ ٢٣٠)،وضعيف الجامع (٣١٣٨).

٣٦. عن ابن عباس رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: ((من أدرك (وفي رواية: من أدركه شهر) رمضان بمكة، فصامه كله وقام منه ما تيسر له، كتب الله له مائة ألف شهر رمضان، فيما سواها وكتب الله له بكل يومٍ عتق رقبة، وكل ليلة عتق رقبة، وكل يوم حُملان فرس في سبيل الله وفي كل يوم حسنة وفي كُلّ ليلةٍ حسنة )).

وفي رواية: ((من أدرك شهر رمضان بمكة من أوله إلى آخر صيامه وقيامه كتب له مائة ألف شهر رمضان في غيرها، وكان له بكل يوم مغفرة وشفاعة وبكل

ليلة مغفرة وشفاعة، وبكل يوم حملان فرس في سبيل الله، وله بكل يـــوم دعوة مستجابة )).

واتە ((هەركەسێك مانگی ڕەمەزان بێت بەسەریداو لە شاری مەككـەی پـیرۆز بێت، هەموو مانگەكە بە ڕۆژوو بێت و چەندێكی بۆ ئاسان بوو لە شەونوێژوو تەراویح كردن كە ئـەنجامی بـداتو ئـەوا خـوای گـەورە خێـری هـەزار مـانگی ڕەمەزانی بۆ دەنووسێت لە جگە لە مەككە كە بەسـەری بردبێـت، وە خـوای گەورە هـەموو ڕۆژێـك خێـری ئـازاد كردنـی بەندەیـەكی بـۆ دەنووسـێت، وە هەموو شەوێكیش خێری ئازاد كردنی بەندەیەك، وە هەموو ڕۆژێكـیش خێـرو چاكەی باری ولاَخ و ئەسپێكی بۆ دەنووسـرێت كـە لـە پێنـاو خـوادا سـەرف بكرێت، وە لە هـەموو شـەو و ڕۆژێكدا چـاكەی بـۆ دەنووسـرێت)). ((وە لـە ڕیوایەتێكـدا: هـەر كەسـێك فریـای مـانگی ڕەەمـەزان بكـەوێت لـە مەككـەی پیرۆزدا لە سەرەتایەوە تاكو كۆتایی مانگەكە بەڕۆژوو گـرتن و شـەو نوێـژ و تەراویحەوە، ئەوا خوای گەورە خێری هەزار مانگی ڕەمەزانی بۆ دەنووسـێت كـە لـە غـەیری مەككـە ئـەنجامی بێـت، وە خـوای گـەورە بـۆ هـەموو شـەوو ڕۆژێكی كە لە مەككەیە لێخۆش بوون و شەفاعەتی پـێ دەبەخـشێت، وە بـۆ هەر ڕۆژێك خێرو پاداشتی باری ولاَخ و ئەسپێكی بۆ دەنووسرێت كە لە پێناو خوای گەورەدا ببیبەخشێت، وە بۆ هەر ڕۆژێكیش دوعاو پاڕانەوەیـەكی وەلاَم دراوەی بۆ هەیە)).

موضـوع. أخرجـه ابـن ماجـة في سـننه (٣١١٧)، والفـاكهي في أخبـار مكـة (١٥٧٤)، وضعف الحديث المحدث الألباني رحمه الله في الضعيفة (٢/ ٢٣٢).

٣٧. عن ابن عمر رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: ((رمضان بمكة أفضل من ألف رمضان بغير مكة )).

واته ((ڕەمەزان بە سەربردن لە مەككەی پیرۆز چاكترە لە هەزار ڕەمەزان لە غەیری مەككە)).

ضعيف جداً. أخرجه البزار في مسنده (١/ ٤٠٣) (٦٦٥).

٣٨. عن راشد بن سعد عن النبي ﷺ قال: ((انبسطوا في النفقة في شهر رمضان، فإن النفقة فيه كالنفقة في سبيل الله )).

واته ((دەستتان با بەربڵاوبێت لە خێرو چاكەكردن لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا، لەبەر ئەوەی خێرو چاكەكردن لە ڕەمەزاندا وەكو ماڵ بەخشین وایە لە پێناوی خوای گەورەدا)).

ضعيف جداً. أخرجه ابن أبي الدنيا في فضائل القرآن (ص٥٢)(٢٤).

٣٩. عن أبي هريرة رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: ((اغزوا تغنموا، وصوموا تصحوا، وسافروا تستغنوا )).

وفي رواية" ((صوموا تصحوا)).

وفي رواية" ((سافروا تصحوا، وصوموا تصحوا، واغزوا تغنموا )).

واتە ((جیهاد و غەزا بکەن دەوڵەمەند دەبن، وە بەڕۆژوش بن لەش ساغ دەبن، وە هەروەها سەفەر بکەن بۆ پێویست دەبن لە خەڵکی)). ((وە لەڕیوایەتێکدا: بەڕۆژوو بن لەش ساغ دەبن)). ((وە لەڕیوایەتێکدا: سەفەر بکەن لەش ساغ دەبن، وە بەڕۆژووش بن لەش ساغ دەبن، وە جیهاد و غەزا بکەن بۆ پێویست دەبن لە خەڵکی)).

ضعيف. أخرجه الطبراني في الأوسط (٨٣١٢)، والعقيلي في الضعفاء (٢/ ٩٢)، وضعفه الحافظ العراقي في المغني عن حمل الأسفار (٢/ ٧٥٤)، وضعفه العلامة الألباني رحمه الله في السلسلة الضعيفة (٢٥٣).

٤٠. عن أنس ﷺ عن النبي ﷺ قال: ((من صلى في أوَّل شهر رمضان إلى آخر شهر رمضان في جماعة فقد أخذ بحظه من ليلة القدر)).

واتە ((هەرکەسێك نوێژەکانی بە جەماعەت بکات لەسەرەتای مانگی ڕەمەزانەوە تاکو کۆتایی مانگی ڕەمەزان ئەوا بەشی خۆی بەدەست هێناوە لە شەوی قەدر)).

منكر. أخرجه أبو نعيم في الحلية (٦٣٧٧)، وابن الجوزي في الواهيات (٨٧٧)، والحافظ ابن حجر في لسان الميزان (١/ ٢٥١).

٤١. عن عائشة عن النبي ﷺ قال: ((إذا سلمت الجمعة سلمت الأيام، وإذا سلم رمضان سلمت السنة)).

وفي رواية:(إذا سلم رمضان سلمت السنة، وإذا سلمت الجمعة سلمت الأيام).

واته ((ئەگەر جومعه سەلامەت بێت ئەوا هەموو ڕۆژەكانی تر سەلامەت دەبن، وه ئەگەر ڕەمەزان سەلامەت بێت ئەوا هەموو ساڵەكه سەلامەت دەبێت)). ((وه لەڕیوایەتێكدا: ئەگەر ڕەمەزان سەلامەت بێت ئەوا هەموو ساڵەكه سەلامەت دەبێت، وه ئەگەر جومعه سەلامەت بوو ئەوا هەموو ڕۆژەكانی تر سەلامەت دەبن)).

موضوع. أخرجه الدار قطني في الإفراد (٢/ ٨٨)، وابن عدي في الكامل (٦/ ٥٠٤)، وابن الجوزي في الموضوعات (١١٢٨)، وضعفه الألباني رحمه الله في ضعيف الجامع (٥٤٩).

٤٢. عن علي بن الحسن عن أبيه عن النبي ﷺ قال: ((اعتكافُ عشرٍ في رمضان كحجتين وعمرتين )).

وفي رواية: ((من اعتكف عشرا في رمضان كان كحجتين وعمرتين)).

واته ((ئیعتیكاف و مانەوه لای دە ڕۆژ لە ڕەمەزاندا خێرەكەی وەكو ئەوه وایه كه دوو حەج ودوو عەمرەت كردبێت)). ((وه لەڕیوایەتێكدا: هەركەسێك دە ڕۆژ ئیعتیكاف بكات لە ڕەمەزاندا وەكو ئەوه وایه كه دوو حەج و دوو عەمرەی كردبێت)).

موضوع. أخرجه الطبراني في الكبير (٢٨٨٨)، والبيهقي (٣٩٦٦) و(٣٩٦٧).

٤٣. عن أبي سلمة بن عبدالرحمن عن أبيه عن النبي ﷺ قال: ((شهر كتب الله عليكم صيامه، وسَنَنت لكم قيامه، فمن صامه وقامه إيماناً واحتساباً، خرج من ذنوبه كيوم ولدته أمه )).

واته ((ڕەمەزان مانگێكه خوای گەورە ڕۆژوو گرتنی تیادا پێویست و فەرز كردووه، وه تەراویح و شەو نوێژی تیادا بۆتان بە سوننەت گرتووه، بۆیه هەركەسێك بە بڕوایەكی تەواوەوه و چاوەڕێكردنی پاداشت لەلای خوای گەورە بەڕۆژوو بێت و تەراویح و شەو نوێژی تیادا ئەنجام بدات، لە تاوانەكانی پاك دەبێتەوه هەروەك ئەو ڕۆژەی كه تازه لە دایك بووبێت )).

منكر بهذا اللفظ، أخرجه الأمام أحمد في مسنده (١٦٦٠)، والنسائي في سننه (٢٢٠٨)، وابن ماجة في سننه (١٣٤٥)، وضعفه الألباني رحمه الله في ضعيف سنن النسائي (٢٢٠٨، ٢٢١٠)، وضعيف ابن ماجة ص٩٩، (٢٤٧).

٤٤. عن أبي أُمامة الباهلي رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: ((إنَّ الله فرض عليكم صوم رمضان، ولم يفرض عليكم قيامه، وإنَّما قيامُه شيءٌ أحدثتموه فدموا عليه، فإنَّ ناسا من بني إسرائيل ابتدعوا بدعة فعابهم الله بتركها، وقال: ﴿وَرَهۡبَانِيَّةً ٱبۡتَدَعُوهَا مَا كَتَبۡنَٰهَا عَلَيۡهِمۡ إِلَّا ٱبۡتِغَآءَ رِضۡوَٰنِ ٱللَّهِ فَمَا رَعَوۡهَا حَقَّ رِعَايَتِهَاۖ﴾ إلى آخر الآية )).

واته ((خوای گەورە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانی لەسەرتان فەرزو پێویست كردووه، بەڵام شەونوێژوو تەراویحەكەی لەسەرتان فەرز نەكردووه، بەڵكو تەراویحەكەی شتێكه خۆتان داتان ناوه بەردەوام بن لەسەری، لەبەر ئەوەی خەڵكانێك لەبەنی ئیسرائیل بیدعەیەكیان دروست كرد خوای گەورە ڕەخنەی لێگرتن بەهۆی وازهێنانیان لەو بیدعەیەوه، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَرَهۡبَانِيَّةً ٱبۡتَدَعُوهَا مَا كَتَبۡنَٰهَا عَلَيۡهِمۡ إِلَّا ٱبۡتِغَآءَ رِضۡوَٰنِ ٱللَّهِ فَمَا رَعَوۡهَا حَقَّ رِعَايَتِهَاۖ ﴾ تا كۆتای ئایەتەكە)).سورەتی الحدید ئایەتی ٢٧.

منكر. أخرجه الطبراني في الأوسط (٧٤٥٠)، والبيهقي في مجمع الزوائد (٣/ ١٤٢).

٤٥. عن سليمان بن بريدة عن أبيه عن النبي ﷺ قال: ((أن الصائم تُسبِّحُ عظامه، وتستغفر له الملائكة ما أُكل عنده )).

واتە ((بەڕاستی ڕۆژووەوان ئێسكەكانی لاشەی سبحان الله دەكەن، وە هەروەها فریشتەكانیش دوعای خێری بۆ دەكەن كاتێك كە شتێك دەخورێت لە بەردەمیان)).

موضوع. أخرجه ابن ماجة في سننه (١٧٧٦)، والبيهقي في الشعب (٣/ ٢٩٧)(٣٥٨٥)، وضعفه العلامة الألباني رحمه الله في السلسلة الضعيفة (١٣٣١–١٣٣٢)، وضعيف ابن ماجة ص١٣٦، (٣٤٣).

٤٦. عن أبي سعيد الخدري عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: ((سيد الشهور شهر رمضان وأعظمها حرمة ذو الحجة )).

واتە ((گەورەی مانگەكان مانگی ڕەمەزانە، وە گەورەترین و زۆرترین مانگیشیان كە بەڕێز بێت لای خوای گەورە مانگی ذو الحجه یە )).

ضعيف. أخرجه البيهقي في الشعب (٣٦٣٧)، وفي فضائل الأوقات (١٦٧)، وابن عساكر في تأريخ دمشق (٣٩٢–٣٩٢)، وضعفه العلامة الألباني في ضعيف الجامع (٣٣٢١)، والسلسلة الضعيفة (٣٧٢٧).

٤٧. عن ابن مسعود رضي الله عنه قال: ((سيد الشهور شهر رمضان، وسيّد الأيام يوم الجمعة )).

واتە ((گەورەی مانگەكان مانگی ڕەمەزانە، وە گەورەی ڕۆژەكان ڕۆژی جومعەیە )).

أثر ضعيف. أخرجه ابن أبي الدنيا في فضائل رمضان (٦١)(٣٣)، والطبراني في معجمه الكبير (٩٠٠٠)، والبيهقي في الشعب (٣٦٣٧).

٤٨. عن أنس عن النبي ﷺ قال: ((تدرون لم سميَّ رمضان لأنه ترمض فيه الذنوب، وإن في رمضان ثلاث ليالٍ من فاتته فاته خير كثير، ليلة سبع عشر، وليلة تسع عشر وليلة إحدى وعشرين، وآخر ليلة)) فقال عمر: يا رسول الله هي سوى ليلة القدر؟ قال: ((نعم. ومن لم يغفر له في شهر رمضان ففي أي شهر يغفر له)) .

وفي رواية بلفظ مختصر: ((تدرون لم سميَّ شعبان لأنه يتشعب فيه لرمضان خير كثير، وإنما سميَّ رمضان لأنه يرمض الذنوب، أي: يذيبها من الحر )).

واتە ((دەزانن بۆ مانگی ڕەمەزان بە ڕەمەزان ناو نراوە؟ لەبەر ئەوەی لەو مانگەدا گوناه و تاوانەكانی تیادا دەوەرێت و دەسڕێتەوە، وە بەڕاستی لەناو مانگی ڕەمەزاندا سێ شەو هەن هەركەسێك لە دەستیان بدات ئەوا خێرو چاكەیەكی زۆری لەدەست چووە، شەوی حەڤدە، وەهەروەها شەوی نۆزدە و شەوی بیست و یەك، وە كۆتایی شەویش، ئیمامی عومەر فەرمووی: ئەی

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو شەوە جگە لە شەوەکانی قەدرە؟ فەرمووی: بەڵێ وە هەرکەسێك خوای گەورە لە مانگی ڕەمەزاندا لێی خۆش نەبێت ئیتر لە چی مانگێکدا لێی خۆش بێت)). ((وە لەڕیوایەتێکدا بەهاوردنێکی کورت: دەزانن بۆ مانگی شەعبان ناو نراوە بە شەعبان، لەبەر ئەوەی لەو مانگەدا دەردەکەوێت خێرو چاکەیەکی زۆر بۆ ڕەمەزان، وە بۆیە ڕەمەزان ناو نراوە بە ڕەمەزان لەبەر ئەوەی لەو مانگەدا تاوان و گوناهەکان دەسڕێنەوە و لەناو دەچن، واتە: دەیسڕێتەوە و دەیتوێنێتەوە بەهۆی گەرماوە)).

موضوع. أورده الشوكاني رحمه الله في الفوائد المجموعة (ص٩١)(١٥)، والديلمى في مسند الفردوس (٢١٥٧)، والأصبهاني في الترغيب والترهيب(١٧٥٨).

٤٩. عن أنس رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: ((من تأمل خَلْق امرأةٍ حتى يتبين له حجم عظامها، ورأى ثيابها وهو صائم فقد أفطر )).

واتە ((هەرکەسێك ورد ببێتەوە لە ئافرەتێك تاکو قەبارەی ئێسکەکانی گیانی بۆ دەربکەوێت، وە هەروەها تەماشای جل و پۆشاکەکەی بکات لە کاتێکدا کە بەڕۆژو بێت ئەوا ڕۆژووەکەی بەتاڵەو شکاوە)).

موضوع. أخرجه ابن عدي في الكامل (٣/ ٢٠٤)، وابن الجوزي في الموضوعات (٢/ ٥٥٩).

٥٠. عن حذيفة بن اليمان ﷺ قـال: ((من تأمَّل خَلْق امرأة وهو صـــائم بطل صومه)).

واتـه ((هەركەسـێك ورد ببێتـەوە لـەوەی بزانێـت چـۆن ئـافرەت دروسـت بووبێـتو تەماشـای بكـات لـە كاتێكیـشدا بـەڕۆژوو بێـت ئـەوا ڕۆژووەكـەی بەتاڵە)).

ضعيف. أخرجه عبدالرزاق في مصنفه (٤/ ١٩٣)، وابن الجوزي في الموضوعات (٢/ ٥٦٠).

٥١. عن عمر بن الخطاب ﷺ عن النبي ﷺ قـال: ((ذاكر الله في رمضان يغفر له، وسائل الله فيه لا يخيب)).

واته ((ئەو كەسەی لە مانگی ڕەمەزاندا یادی خودا بكـات خـودا لێـی خـۆش دەبێت، وە ئەو كەسەی لەو مانگـەدا لـەخوای گـەورە بپاڕێتـەوە بـێ ئومێـد نابێت)).

موضـوع. أخرجـه الطبرانـي في الأوسـط (٦١٧٠)، وابـن عـدي في الكامـل (٥/ ٤٧٥)، والأصــبهاني في الترغيــب والترهيــب (٢/ ٣٦٤)، والبيهقــي في شــعب الإيمان (٣٦٢٧).

٥٢. عن أبي هريرة ﷺ عـن الـنبي ﷺ قـال: ((من صام رمضان وكفَّ عـــن الغيبةِ والنميمة والكذب والخوض في الباطل وأمسك لسانه إلاَّ عن ذكر الله ــ تعالى ــ وكفَّ سمعه وبصره وجميع جوارحه عن محارم الله ــ تعالى ــ وعـــن

أذى المسلمين، كان له من القربى عند الله أن تمس ركبته ركبة إبــراهيم الخليل ﷺ)).

واته ((هەركەسێك ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگرێت، وە دەست هەڵبگرێت لە غەیبەت و دوو زمانی و درۆو قسەی پڕو پۆچ وە زمانیشی بگرێت تەنها لە یادی خوای گەورە نەبێت، وە هەروەها گوێچكەو چاو و هەموو ئەندامەكانی لاشەی بپارێزێت لە نەشكاندنی سنورەكانی خوای گەورە وە ئازاردانی موسڵمان، ئەو كەسە لە لای خوای گەورە ئەوەندە نزیك دەبێتەوە تاكو وەهای لێ دێت لەو دنیادا ئەژنۆی بە ئەژنۆی پێغەمبەر ئیبراهیمەوە دەنووسێنێت صەلاٌت و سەلامی خوای گەورەی لێ بێت)).

موضـوع. أخرجه الحارث في مسنده (كما في المطالب العلية) (١/ ٣٩٧)(١٠٣٣).

٥٣. عن أبي هريرة رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: ((من صام رمضان في إنـصات وسكوت، وكفَّ سمعه وبصره وجوارحه من الحرام، والكذب اقترب الله منـه يوم القيامة حتى تمس ركبته ركبة إبراهيم )).

واتە ((هەركەسێك ڕۆژووی ڕەمەزان بگرێت بە بێدەنگی و لەسەرخۆیی، وەگوێچكەو چاوو تێكڕای ئەندامەكانی لاشەی لە حەرام و درۆ بپارێزێت، خودای گەورە لە ڕۆژی دواییدا ئەوەندە لە خۆیەوە نزیكی دەكاتەوە تاكو ئەژنۆی ئەو كەسە دەنووسێنێتە ئەژنۆی ئیبراهیمەوە صەلاٌت و سەلامی خوای لێ بێت )).

موضـوع. أخرجـه ابـن الجـوزي في العلـل المتناهيـة (٢/ ٥٤٠)(٨٨٦)، وضعفه الحافظ ابن حجر في المطالب العالية (١/ ٣٩٧).

**٥٤. عن أبي سعيد الخدري رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: ((من صام رمضان فعرف حدوده (وفي رواية: يعرف حدوده) وتحفَّظ له ما ينبغي له أن يتحفَّظ فيه، كفَّر ما قَبْلَه)).**

واته ((هەركەسێك ڕۆژووی ڕەمەزان بگرێـت و سنورەكانیـشی بناسـێت ((وە لەڕیوایەتێكـدا: سـنورەكانی ڕۆژووگـرتن وڕەمـەزان بزانێـت))، وە هـەروەها خۆی بپارێزێت لێـی ئەوەنـدەی كـە لـە سـەرێتی كـە خـۆی بپارێزێـت، ئـەوا هەرچی گوناهی كردبێت لە ڕابردوودا دەیسڕێتەوە)).

ضعيف. أخرجه الإمـام أحمـد في مسنده (١١٤٦٢)، وابـن حبـان في صـحيحه (٣٤٣٣)، وابن عساكر في أحاديث رمضان (ص٦٢)(٢٤)، وأبو نعيم في الحليـة (١١٨٥٤)، والخطيب في تأريخ بغداد (٤٤٩٦).

**٥٥. عن أنس رضي الله عنه عن النبي ﷺ قـال: ((من أفطر على تمرٍ زيـــد في صـــلاته أربعمائة صلاة )).**

واته ((هەركەسێك ڕۆژووەكەی بشكێنێت بە خورما ئەوا لەناو نوێژەكانی كـە بۆ خوای گەورە كردوویەتی پاداشتی چوار سەد نوێژی بۆ زیاد دەكرێت)).

موضوع. أخرجه ابن عدي في الكامـل (٨/ ٧٠)، وتمـام الـرازي في فوائـده (٢/ ١٣)(٩٩٦).

٥٦. عن أنس ﷺ عن النبي ﷺ قال: ((إن الله يوحي إلى الحفظة أن لا يكتبوا على صُوَّام عبيدي بعد العصر ذنباً)).

وفي رواية: ((إن الله يأمر الملائكة أن لا يكتبوا على الصائم من أمة محمد بعد العصر ذنباً )).

واته ((خوای گەورە وەحی دەنێرێت بۆ ئەو فریشتانەی كە چاودێرن بەوەی كە لەدوای عەسرەوە تاوان لەسەر بەندە ڕۆژووەوانەكانم مەنوسن)). ((وە لەڕیوایەتێكدا: خوای گەورە فەرمان دەكات بە فریشتەكان بەوەی كە گوناهو تاوان نەنووسن لەدوای عەسرەوە لەسەر ڕۆژووەوانی ئوممەتی موحەمەد ﷺ)).

باطل. أخرجه الخطيب البغدادي في تأريخه (٦/ ١٢٣)، وابن الجوزي في الموضوعات (١١٢٦).

٥٧. عن أنس ﷺ عن النبي ﷺ قال: ((لو أن الله ــ عز وجل ــ أذن للسموات والأرض أن تتكلم لبشّرت الذي يصوم رمضان بالجنة )).

وفي رواية: ((لو أذن الله للسموات والأرض أن تتكلما لقالتا: الجنةُ لصوام شهر رمضان ))..

وفي لفظ ثالث: ((لو أذن الله تبارك وتعالى لأهل السماء وأهل الأرض أن يتكلموا لبشروا صوام رمضان بالجنة )).

واتە ((ئەگەر خوای گەورە ڕێگەی بدایە بە ئاسمان وە زەوییەكان بەوەی كە قسە بكەن ئەوا مژدەی بەهەشتیان دەدا بەو كەسەی كە ڕەمەزان بە ڕۆژوو دەبێت)). ((وە لەڕیوایەتێكدا: ئەگەر خوای گەورە ڕێگەی بدایە بە ئاسمان و زەوی كە هەردوكیان قسە بكەن ئەوا دەیان ووت: بەهەشت بۆ ڕۆژووەوانی مانگی رەمەزانە)). ((وە لەڕیوایەتی سێهەمدا: ئەگەر خوای گەورە ڕێگەی بدایە بە ئەهلی ئاسمان و زەوییەكان بەوەی كە قسە بكەن ئەوا مژدەی بەهەشتیان دەدا بەڕۆژووەوانی مانگی ڕەمەزان)).

موضوع. أخرجه ابن عدي في الكامل (١/ ٣٤٢)، وابن الجوزي في الموضوعات (٢/ ٥٥٣).

**٥٨. عن ابن عمر ﷺ عن النبي ﷺ قال: ((من صام صبيحة يوم الفطر فكأنما صام الدهر )).**

واتە ((هەركەسێك لە بەرەبەیانی ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا بە ڕۆژوو بێت وەك ئەوە وایە كە بەبەردەوامی بەڕۆژوو بووبێت)).

باطل. أخرجه ابن حبان في المجروحين (٢/ ٢٦٥)، وابن الجوزي في العلل المتناهية (٨٩٩)، وابن القيم الجوزية في المنار المنيف (ص٣٩).

**٥٩. عن الحسن بن علي ﷺ عن النبي ﷺ قال: ((تحفة الصائم الزائر أن تُغلف لحيته (وفي رواية: أن تدهن لحيته) وتجمَّر ثيابه وتذرر، وتحفة المرأة الصائمة الزائرة أن يمشط رأسها، وتجمَّر ثيابها وتذرر )).**

واتە ((دیاری پیاوێكی ڕۆژووەوانی میوان و سەردەر ئەوەیە كە ڕیشی بۆ پاكو شانە بكرێت، وە پۆشاكەكەشی بۆ بۆن خۆش بكرێت، وە هەروەها دیاری ئافرەتێكی ڕۆژووەوانی میوان و سەردەر ئەوەیە كە قژو سەری بۆ دابهێنرێت، وە پۆشاكەكەشی بۆ بۆن خۆش بكرێت)).

ضعيف. أخرجه ابن عدي في الكامل (٤/ ٣٨٤)، وضعفه العلامة الألباني رحمه الله في السلسلة الضعيفة (١٧٨٩)، وضعيف الجامع (٢٤٠٣).

٦٠. عن الحسن بن علي رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال:((تحفة الصائم الدهن والمجمر )).
واتە ((دیاری ڕۆژووەوان ڕۆن و بوخوردە)).
موضوع. أخرجه الترمذي في سننه (٣/ ١٦٤)(٨٠١)، والطبراني في الكبير (٣/ ٨٩)(٢٧٥١)، والمزي في تهذيب الكمال (٢٢/ ٣٨٧)، وضعفه الألباني رحمه الله في ضعيف الجامع الصغير (٢٤٠٢)(٢٤٠٣)، وضعيف الترمذي (٨٠١)، والسلسلة الضعيفة (١٧٨٩).

٦١. عن أم هانيء(رضي الله عنها) عن النبي ﷺ قال: ((إن أُمتي لن تخزى ما أقاموا صيام رمضان)) قيل: يا رسول الله، وما خزيهم في إضاعة شهر رمضان؟ قال: ((انتهاك المحارم فيه، من عمل فيه زنىً أو شرب خمراً لعنه الله، ومن في السموات إلى مثله من الحول، فإن مات قبل أن يدرك شهر رمضان، فليست له

**عند الله حسنة يتَّقي بها النار، فاتقوا شهر رمضان فإن الحسنات تُضاعف فيه ما لا تُضاعف فيما سواه وكذلك السيئات ))**.

واتە ((بەڕاستی ئوممەتەكەم هەرگیز سەرشۆڕو زەلیل نابن ئەگەر بەردەوام بن لەسەر ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەمەزان)). ووترا: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئایە زەلیلی و سەرشۆڕی لە بەفیڕۆدانی مانگی ڕەمەزان چییە؟ فەرمووی: ((شكاندنی قەدەغەكراوەكانی خوای گەورە تیایدا، هەركەسێك زینای تیا ئەنجام بدات و عەرەقی تیا بخوات ئەوا لەعنەتی خودایان لێبێت وە هەرچییەكیش كە لە ئاسمانەكانن تاكو ساڵی داهاتوو كە دەگەڕێتەوە، ئەگەر بمرێت پێش ئەوەی بگاتەوە مانگی ڕەمەزان ئەوا لە لای خوای گەورە هیچ چاكەیەكی نییە تاكو خۆی لە ئاگر پێ بپارێزێت، خۆتان بپارێزن لە مانگی ڕەمەزان، وە هەروەها خراپەو تاوانەكانیش چەند قات دەبنەوە كە لە هیچ یەكێك لە مانگەكانی تر وەها نییە جگە لە ڕەمەزان نەبێت)) .

موضوع. أخرجه الطبراني في الأوسط (٤٨٢٧)، والخطيب البغدادي في تأريخ (١٠/ ٤٢٧)، وابن الجوزي في الواهيات (٨٨٣).

٦٢. عن ابن عمر رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: **((من أصابه جهدٌ في رمضان فلم يفطر، فمات دخل النار ))**.

واتە ((هەركەسێك توشی ناڕەحەتی و بێتاقەتی بوو لە ڕەمەزاندا بەهۆی ڕۆژووەوە پاشان ڕۆژووەكەی نەشكاند، ئەگەر بمرێت دەچێتە دۆزەخەوە)).

منكر. أخرجه الخطيب البغدادي في تأريخ البغداد (١٠/ ٢٦٩)، واورده المتقي الهندي في الكنز (٢٣٩٥٤).

٦٣. عن قيس بن زيد الجُهني رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: ((إن لكل يوم يصومه العبد من رمضان يجيء يوم القيامة من نور، في تلك الغمامة قصر من دُرٍّ، لــه سبعون ألف باب، كل باب ياقوتةٌ حمراء )).

واتـه ((بەڕاستی بۆ هەر ڕۆژێك كە بەندەو مرۆڤەكان بەڕۆژوو دەبن لە ڕەمەزاندا لە ڕۆژی قیامەتدا ڕووناكییەك دێت لەناو پەڵە هەورێكدا كە ئەویش كۆشكێكە لە مرواری و گەوهەر دروست كراوە ئەو كۆشكەش حەفتا هەزار دەرگای هەیە، هەر دەرگایەكی گەوهەرێكی شەوچرای سورە)).

موضوع. أخرجه ابن أبي الدنيا في فضائل رمضان (٥٤)(٢٦)، وأبو طاهر ابن أبي الصقر في مشيخته (ص٩٨)(٣٠)، والطبراني في الكبير (٩٣٥).

٦٤. عن زهري ((تسبيحة في رمضان أفضل من ألف تسبيحة في غيره )).

واته ((ووتنی یەك جار سبحان الله لە مانگی ڕەمەزاندا چاكترو باشترە لە هەزار جار ووتنی سبحان الله لە غەیری ڕەمەزان)).

ضعيف. أخرجه الأصبهاني في الترغيب والترهيب (٢/ ٣٥٤)(١٧٦٠)، وابن أبي الدنيا في فضائل رمضان (٥١)(٢٣).

٦٥. عن أبي الدرداء ﷺ عن النبي ﷺ قال: ((يسبح للصائم كل شعرة منه ويوضع للصائمين والصائمات يوم القيامة تحت العرش مائدة من ذهب مكللة بالدر والجوهر على مقدار دائرة الدنيا عليها من أنواع أطعمة الجنة وأشربتها وثمارها فهم يأكلون ويشربون وينعمون والناس في شدة الحساب)).

واتە ((هەموو تەڵەموویەکی ڕۆژووەوان سبحان الله دەکەن بۆ ڕۆژووەوانەکە، وە لە ڕۆژی دوایدا لەژێر عەرشی خوای گەورەدا سفرەو خوانێك دادەنرێت بۆ ڕۆژووەوانی پیاوانو ئافرەتان کە دروست کراوە لە ئاڵتون وە دەور دراوە بە مرواری و گەوهەر بە ئەندازەی خڕی دونیا. لەسەر ئەو سفرەیە لە جۆرەها خواردن و خواردنەوەو بەروبوومی بەهەشتی تیادایە ئەو کەسانە لێی دەخۆن و لێیدەخۆنەوە وە لە نیعمەت دان، وە خەڵکی لەناو ناڕەحەتییەکانی لێپرسینەوەی دوا ڕۆژن)).

موضوع. أخرجه الديلمي في مسنده (٢/ ١٦٥)، والشوكاني في الفوائد المجموعة (ص٩٠).

٦٦. عن خباب ﷺ عن النبي ﷺ قال: ((إذا صمتم فاستاكوا بالغداة ولا تستاكوا بالعشي فإنّه ليس من صائم تيبس شفتاه بالعشيِّ إلا كان نوراً بين عينيه يومَ القيامة )).

واتە ((ئەگەر بە ڕۆژوو بوون سیواك بکەن لەتاقی بەیانیاندا بەڵام تاقی ئێواران سیواك مەکەن لەبەر ئەوەی هیچ ڕۆژوو گرێك نییە کە لێوی ووشك

بووبێت لەتاقی ئێواراندا ئیلا بۆی دەبێتە ڕوناكییەك لەنێو چاوانی لە ڕۆژی دواییدا)).

أخرجه الطبراني في الكبير(٣٦٩٦) والدارقطني في سننه(٢/٢٠٤) والبيهقي في سننه(٤/٢٧٤) وضعفه العلامة الألباني رحمه الله في السلسلة الضعيفة (٤٠١).

٦٧. عن عائشة عن النبي ﷺ قال: ((خير خصال الصائم السواك)).

وفي رواية: ((من خير خصال الصائم السواك )).

واتە ((باشترین خوو پیشەو ڕەفتار بۆ ڕۆژووەوان سیواك كردنە)). ((وە لەڕیوایەتێكدا: لە چاكترین و باشترین خوو ڕەوشتی ڕۆژووەوان سیواك كردنە)).

ضعيف. أخرجه ابن ماجة في سننه (٦٧٧)، والدار قطني في سننه (٢/ ٢٠٣)، والبيهقي (٤/ ٢٧٢)، والعلامة الألباني في ضعيف سنن ابن ماجة ص (١٣٢)٣٣١، والسلسلة الضعيفة (٣٥٧٤).

٦٨. عن عبدالله بن عامر بن ربيعة عن أبيه(رضي الله عنهما) قال: ((رأيت النبي ﷺ ما لا أُحْصي يتسوَّك وهو صائم)).

وفي رواية: ((رأيت رسول الله ﷺ ما لا أعد ولا أَحصي يستاك وهو صائم)).

واتە ((لە عامری كوڕی ڕەبیعەوە ئەویش لە باوكییەوە پێغەمبەری خوام بینی ﷺ ئەوەندە سیواكی دەكرد كە لە ژمارە نەدەهات و بە ڕۆژووش

بـوو)). ((وه لەڕیوایەتێکـدا: پێغەمبـەری خـوام بینـی ﷺ زیـاد لـە ئەندازەو ژماردن سیواکی دەکرد وه بەڕۆژوویش بوو)).

ضـعيف. أخرجـه الإمـام أحمـد في مـسنده (١٥٦١٨) ، وأبـو داود في سـننه (٢٣٦٤)، والترمـذي (٧٢٥)، وضـعفه العلامـة الألبـاني في ضـعيف الترمـذي (٧٢٥)، وضعيف أبو داود (٢٣٦٤)، والإرواء (٦٨).

٦٩. عن عاصم الأحول قال سألتُ أنس بن مالـك رضي الله عنه ((أيستاك الصائم؟ قال: نعم، قلت: برطب السواك ويابسه؟ قال: نعم. قلت: في أوَّل النهار وآخـــره؟ قال: نعم، قلت له: عَنْ مَنْ؟ قال: عن رسول الله ﷺ )).

واتە ((لە عاصمی کوڕی ئەحوەلەوە دەڵێت: پرسیارم کرد لە ئەنەسی کوڕی مالیـك ڕەزای خـوای لێ بێـت: ئایـە ڕۆژووەوان سـیواك دەکـەن؟ فـەرمووی: بەڵێ، ووتم: سـیواکەکەیان تـەڕبێت یـاخود ووشـك؟ فـەرمووی: بـەڵێ، ووتم: لەسەرەتای ڕۆژوو کۆتاییەوە؟ فەرمووی: بەڵێ، پـێم ووت لـە کێـوە ئەمـەت بیستووە؟ ووتی: لە پێغەمبەری خواوە ﷺ)).

منكر. أخرجه العقيلي في الضعفاء (١/ ٦٧)، وابن حبان في ضعفائه (١/ ٩٨)، وابن عدي في الكامل (١/ ٤٤٢)، وابن الجوزي في الموضوعات (٢/ ٥٥٨).

٧٠. عن عبدالرحمن بن غنم قـال: ((سألت معاذ بن جبل رضي الله عنه: أتـــسوك وأنـــا صائم؟ قال: نعم، قلت: أي النهار أتسوك؟ قال: أي النهار شئت، إن شـــئت غدوة وإن شئت عشيةً، قلت: فإنَّ الناس يكرهونه عشية، قال: ولِمَ؟ قلـــت:

يقولون: إن رسول الله ﷺ قال: (( لخلوف فم الصائم أطيب عند الله من ريح المسك)) فقال: سبحان الله لقد أمرهم رسول الله ﷺ بالسواك حين أمرهم وهو يعلم أنه لا بد أن يكون بفم الصائم خلوف وإن استاك، وما كان بالذي يأمرهم أن ينتنوا أفواههم عمداً، ما في ذلك من الخير شيء، بل فيه شر إلا من ابتلي ببلاء لا يجد منه بداً، قلت: والغبار في سبيل الله أيضاً كذلك، إنما يؤجر فيه من اضطر إليه ولم يجد عنه محيصاً؟ قال: نعم وأمَّا من ألقى نفسه في البلاء عمداً فما له من ذلك من أجر )).

واتە ((لە عەبدوڕڕەحمانی کوڕی غەنەمەوە دەڵێت: پرسیارم کرد لە موعازی کوڕی جەبەل ڕەزای خوای لێ بێت: ئایە کە بەڕۆژوو بووم سیواك بکەم؟ فەرمووی: بەڵێ، ووتم: لەچی کاتێکی ڕۆژوودا سیواك بکەم؟ فەرمووی: لەچی کاتێکی ڕۆژوودا کە بتەوێت، ئەگەر بتەوێت بەیانیان وە ئەگەر بتەوێت ئێواران، ووتم: خەڵکی هەیە ئێواران بە (مکروه)ی دەزانن، ووتی: لەبەر چی؟ ووتم: دەڵێن: کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((بۆنی دەمی ڕۆژووەوان لەلای خوای گەورە بۆن خۆشترە لە بۆنی میسك)) . ووتی: پاکی و بێگەردی بۆ خوای گەورە بەڕاستی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێ کردوون بە سیواك کردن لە کاتێکدا پێغەمبەر ﷺ دەزانێت کە هەر دەبێت دەمی ڕۆژووەوان بۆنی هەبێت با بێتو سیواکیش بکات، وە پێغەمبەری خوا ﷺ هەرگیز فەرمانی پێیان نەکردووە کە بە عەمدی و ئەنقەست دەمی خۆیان بۆگەن بکەن، ئەو شتە هیچ خێرێکی تیانییە، بەڵکو شەڕی تیادایە مەگەر کەسێك تووشی ناڕەحەتی و نەخۆشییەك بووبێت کە هیچ چارەیەکی

نـەبێت ئـەوكات چـارەیەكی نییەكـە دەمـی بـۆنی بێـت، ووتم: تـەپ و تـۆزیش لـە پێنـاوی خـوای گـەورەدا هـەر وەهایـە؟ وە ئایـە كەسـێك كـە ناچـاربكرێت بـۆی وە هـیچ ڕێگەیـەكی نـەبێت بـۆ دەربـازبوون پاداشـت وەردەگرێت لەسەری؟ ووتی: بەڵێ، بەڵام ئەگەر كەسێك بەدەستی ئەنقەست خۆی بكاتە ناو بەڵایەكەوە ئەوا هیچ پاداشتێكی بۆ نییە)).

موضوع. أخرجه الطبراني في الكبير (١٣٣)، والهيثمي في المجمع (٣/ ١٦٨).

٧١. عن ابن عمر ﭬ قال: ((كان رسول الله ﷺ يستاك آخر النـهار وهـو صائم )).

واتە ((عەبدوڵای كوڕی عومـەر ڕەزای خوایـان لێ بێـت فـەرمووی: پێغەمبـەر ﷺ سیواكی لە كۆتایی ڕۆژدا دەكردو بەڕۆژووش بوو )).

باطل. أخرجه ابـن حبـان في المجـروحين (١/ ١٥٧)، والعلامـة المحـدث محمـد ناصرالدين الألباني رحمه الله في الضعيفة (١/ ٥٧٨).

٧٢. عن أبي هريرة ﭬ قال: ((لك السواك إلى العصر، فإذا صليت العـصر فألقه، فإني سمعت رسول الله ﷺ يقول: ((خلوف فم الصائم أطيب عنـد الله من ريح المسك)))).

واتە ((بۆت هەیە سیواك بكەیت تاكو عەسر، بەڵام كاتێك كە نوێژی عەسـرت كرد ئیتر یەكسەر سیواكەكەت لابدە، لەبەر ئەوەی من گـوێم لـە پێغەمبـەری

خوا بوو ﷺ دەیفەرموو: بۆنی دەمی ڕۆژووەوان لـەلای خـوای گـەورە خۆشترە لە بۆنی میسك )).

موقوف ضعيف جداً. أخرجه الدار قطني في سننه (٢/ ٢٠٣)، والبيهقي (٤/ ٢٧٤).

٧٣. عن علي رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: ((نوم الصائم عبادة وصمته تسبيح وعمله مضاعف ودعاؤه مستجاب وذنبه مغفور)).

وفي رواية: ((نوم الصائم عبادة و سكوته تسبيح ودعاؤه مستجاب وعمله متقبل)).

وفي رواية: ((نوم الصائم عبادة ونفسه تسبيح ودعاؤه مستجاب )).

واته ((خـەوتنی ڕۆژووەوان پەرستنە وە بێدەنگ بوونی سبحان الله یە وە کردەوەکانیشی چەند قاتە وە پاڕانەوەکەشی وەرگیراوو قبوڵە وە هەڵەو تاوانەکانیشی لێبووردراوە)). ((وە لەڕیوایەتێکدا: خەوی ڕۆژووەوان پەرستنەو بێدەنگ بوونی سبحان الله یە وە پاڕانەوەکەشی گیرا دەبێ و قبوڵە وە کردەوەکانیشی وەرگیراوە)). ((وە لەڕیوایەتێکدا: خەوی ڕۆژووەوان پەرستشە وە هەناسەکانیشی سبحان الله یە وە پاڕانەوەکانیشی وەڵام دراوەو قبوڵە)).

ضعيف جداً. أخرجه السهمي في تأريخ جرجان (ص٣٧٠) ، وأخرجه أبو نعيم في الحلية (٦٤٦)، والبيهقي في الشعب (٣/ ٤١٥)، والحافظ العراقي في كتابه المغني (١/ ١٨٢).

٧٤. عن أبي سعيد الخدريرضي الله عنه عن النبي ﷺ قـال: ((شهر رمضان شهر أُمتي ترمض فيه ذنوبهم، فإذا صامه عبد مسلم ولم يكذب وفطره طيب، خرج مـــن ذنوبه كما تخرج الحية من سلخها )).

واته ((مانگی ڕەمەزان مانگی ئوممەتەکەمە لەو مانگەدایە کـە تاوانـەکانیانی تیا هەڵدەوەریت، ئەگەر هاتوو بەندەیەکی موسڵمان ئەو مانگە بەڕۆژوو بـوو درۆی نەکرد و بەربانگەکەی پاك و حەڵاڵ بوو، لە تاوانەکانی پـاك دەبێتـەوە و دەردەچێت هەروەك چۆن مار لە کاژەکەی بەری خۆی دادەماڵێت)).

ضـعيف. أخرجـه الـديلمي في مـسند الفـردوس (فـردوس الأخبـار (٣/ ٣٥٦)، والشذرة في الأحاديث المشتهرة(١/ ٣٤٦).

٧٥. عن عائشة عن النبي ﷺ قال: ((رمضان شهر الله... ورمضان المكفر )).

واته ((ڕەمەزان مانگی خودایە... وە ڕەمەزان سڕێنەرە بۆ تاوانەکان)).

ضعيف جداً أو منكر. أخرجه الديلمي في مـسند الفـردوس (ص٢٦٠)، وكـشف الخفاء (٢/ ٩).

٧٦. عن أم عمارة(رضي الله عنها) عن الـنبي ﷺ قـال: ((إنَّ الصائم إذا أُكل عنده صَلَّت عليه الملائكة )).

وفي رواية: ((إنَّ الرجل الصائم إذا جالس القوم وهو يطعمون، صَلَّت عليه الملائكة حتى يفطر الصائم )).

واتە ((بەڕاستی ڕۆژووەوان کاتێك کە شتێك لە بەردەمی دەخورێت فریشتەکان دوعای خێری بۆ دەکەن)). ((وە لەڕیوایەتێکەدا: بەڕاستی کەسێکی ڕۆژووەوان کاتێك لە گەڵ کۆمەڵێك خەڵکدا دادەنیشێت و ئەوانیش نان دەخۆن فریشتەکان صەلاوات و دوعای خێرە بۆ دەکەن تاکو ئەو کەسە بەڕۆژووە ڕۆژووەکەی دەشکێنێت)).

أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٦٩٣٨-٦٩٣٩)، والترمذي في سننه (٧٨٤-٧٨٥)، وابن ماجة في سننه (١٧٤٨)، وضعفه العلامة الألباني في سنن الترمذي (٧٨٤-٧٨٥)، وضعيف ابن ماجة (٣٤٢)، والسلسلة الضعيفة (١٣٣٢).

٧٧. عن أبي هريرة ﷺ عن النبي ﷺ قال: ((الصائم في عبادة ما لم يغتب مسلماً أَو يؤذيه)).

وفي رواية: ((الصائم في عبادة ما لم يغتب )).

واتە ((ڕۆژووەوان بەبەردەوام لە عیبادەت و پەرستن دایە بەمەرجێك غەیبەتی موسڵمان نەکات یاخود ئازارو ئەشکەنجەی نەدات)). ((وە لەڕیوایەتێکدا: ڕۆژووەوان بەبەردەوام لەپەرستن دایە بەمەرجێك غەیبەت نەکات)).

ضعيف جداً. أخرجه ابن عدي في الكامل (٦/ ٤٩٦)، وابن الجوزي في الواهيات (٥٤٠-٥٤١)، والعلامة الألباني رحمه الله في ضعيف الجامع (٣٥٣٠).

٧٨. عن ابن عباس رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: ((الصائم في عبادة من حين يصبح إلى أن يمسي إذا قام قام، وإذا صلى صلى وإذا نام نام، وإن حدث ما لم يغتب، فإذا اغتاب خرق صومه )).

وفي رواية: ((الصائم في عبادة من حين يصبح إلى أن يُمسي ما لم يغتب فإذا اغتاب خرق صومه )).

واتە ((کەسی بەڕۆژوو بەردەوام لە پەرستندایە لەو کاتەوەی کە ڕۆژ دەبێتەوە تاکو شەو دادێ ئەگەر ئەو کەسە کە بەڕۆژووە هەڵسێت ڕۆژووەکە لەگەڵی هەڵدەسێت، وە ئەگەر نوێژ بکات لەگەڵی نوێژ دەکات وە ئەگەر بخەوێت لەگەڵی دەخەوێت، وە ئەگەر قسە بکات بەمەرجێك غەیبەت نەبێت لەگەڵی دەبێت، بەڵام کاتێك کە غەیبەتی کرد ڕۆژووەکەی لێی جیادەبێتەوە)). ((وە لەڕیوایەتێکدا: کەسی بەڕۆژوو بەردەوام لە پەرستندایە لەو کاتەوەی کە ڕۆژ دەبێتەوە تاکو شەو دادێت بەمەرجێك غەیبەت نەکات بەڵام کاتێك کە غەیبەتی کرد ڕۆژووەکەی لێی جیادەبێتەوە)).

موضوع. أخرجه الديلمي في مسند الفردوس (٣٨٢٦)، والفيض القدير (٤/ ٣٠٥)، والروض البسام (٢/ ١٥٧)، وضعفه العلامة الألباني في ضعيف الجامع (٣٥٢٩).

٧٩. عن سلمان بن عامر رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: ((الصائم في عبادة وإن كان راقداً على فراشه)).

واتە ((ڕۆژووەوان بەبەردەوام لە پەرستندایە. بابێتو خەوتبێتیش لەسەر جێگاكەی خۆی)).

ضعيف جداً. أخرجه تمام في فوائده (١١٠٩).

٨٠. عن يحى بن عبدالرحمن بن لبيبه عن أبيه عن الجده عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: ((إذا أطاق الغلام صوم ثلاثة أيَّام وجب عله صوم رمضان )).

واتە ((ئەگەر منداڵێكی هەرزەكار توانای بەڕۆژوو بوونی سێ ڕۆژی هەبێت ئەوا فەرزو پێویستە لەسەری ڕۆژووی ڕەمەزان بگرێت)).

موضوع. أخرجه ابن حبان في الضعفاء (٢/ ٤٦٧).

٨١. عن ابن عباس رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: ((تجب الصلاة على الغلام إذا عقل والصوم إذا أطاق وتجري عليه الشهادة والحدود إذا احتلم )).

واتە ((نوێژ لەسەر هەرزەكار فەرزو پێویست دەبێت كاتێك كاتێك هاتوو هۆش و عەقڵی هەبوو، وە ڕۆژووش كاتێك لەسەری فەرزو پێویست دەبێت توانای هەبێت، وە كاتێكیش شایەتی لێوەردەگیرێت و سنورەكانی شەرعی بەسەردا جێبەجێ دەكرێت كە ئیحتیلام دەبێت )).

منكر. أخرجه الموهبي في كتاب العلم وابن عدي في الكامل (٢/ ٣٤٠)، وضعفه العلامة الألباني رحمه الله في ضعيف الجامع (٢٣٩٣، والضعيفة (٣٣٨٦)).

٨٢. عن عبيد عن النبي ﷺ قال: ((إن هاتين صامتا عما أحلَّ الله، وأفطرتا على ما حرَّم الله ــ عز وجل ــ عليهما، جلست إحداهما إلى الأُخرى فجعلتا يأكلان لحوم الناس )).

واتە ((ئا ئەم دوو كەسە بەڕۆژوو بوونە لەو شتانەی كە خوای گەورە بۆیانی دروست و حەڵاڵ كردووە (واتە: خواردن و خواردنەوەو شتی تریش...)، بەڵام ڕۆژووەكانیان شكاندووە بەو شتانەی كە خودا قەدەغەو حەرامی كردووە لەسەریان، یەكێكیان لای ئەوی دیكە دانیشتووە پاشان هەردووكیان بەیەكەوە دەستیان كردووە بەخواردنی گۆشتی خەڵكی، واتە غەیبەتیان كردووە)).

ضعيف. أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٢٣٥٤٣)، والبيهقي في الدلائل (٦/ ١٨٦).

٨٣. عن أبي هريرة رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: ((لكل شيءٍ زكاة، وزكاة الجسد الصوم )). وفي رواية: ((إن لكل شيءٍ زكاة، وزكاة الجسد الصيام )).

واتە ((بۆ هەموو شتێك زەكات و خێری خۆی هەیە، وە زەكاتی لاشەش ڕۆژووە)). ((وە لەڕیوایەتێكدا: بەڕاستی بۆ هەر شتێك زەكاتی خۆی لەسەرێتی كە دەری بكەیت، وە زەكاتی لاشەش ڕۆژوو گرتنە)).

ضعبف. أخرجه ابن ماجة في سننه (١٧٧٢) ، وابن عدي في الكامل (٨/ ٤٩)، وضعفه الألباني رحمه الله في ضعيف سنن ابن ماجة (٣٤١)، والضعيفة (٣٨١١).

٨٤. عن أبي هريرة رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: ((**الصيام نصف الصبر** )).

وفي رواية: ((**الصبر نصف الصوم** )).

وفي رواية: ((**الصوم نصف الصبر** )).

واتە ((ڕۆژوو نیوەی صەبرو ئارام گرتنە)). ((وە لەڕیوایەتێكدا: ئارام گرتن نیوەی ڕۆژووە)). ((وە لەڕیوایەتێكدا: ڕۆژوو گرتن نیوەی ئارام گرتنە)).

ضعيف. أخرجه الترمذي في سننه (٣٥١٩)، وضعفه الألباني في ضعيف ابن ماجة (٣٤١)، والمشكاة (٢٠٧٢)، والضعيفة (١٣٢٩)، وضعيف سنن الترمذي (٣٥١٩).

٨٥. عن ضمرة بن حبيب رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: ((**لكل شيءٍ باب، وباب العبادة الصيام** )).

وفي رواية: ((**إنَّ لكل شيءٍ بابا، وإن باب العبادة الصيام** )).

واتە ((بۆ هەر شتێك دەرگایەك، وە دەرگای پەرستنیش ڕۆژووە)). ((وە لەڕیوایەتێكدا: بۆ هەموو شتێك دەرگای خۆی هەیە، وە دەرگای پەرستنیش ڕۆژوو گرتنە)).

ضعيف. أخرجه أبو يعلى في مسنده (كما في المطالب العالية (١٠٢٧))، وضعف الحديث الحافظ العراقي في المغني (١/ ١٨٢)، والحافظ البوصيري في اتحاف الخيرة (٣/ ٤٠٠).

٨٦. قال رسول الله ﷺ قـال: ((من قضى صلاةً من الفرائض في آخــر جمعة من شهر رمضان كان ذلك جابراً لكل صلاةٍ فائتةٍ في عمره إلى ســبعين سنة )).

واتە ((هەر کەسێك نوێژێکی فەرز بگێڕێتەوە لـە کۆتـا جومعـەی نـاو مـانگی ڕەمەزان، ئەو نوێژە دەبێتە هۆی پڕکردنەوەی هەموو نوێژێك کە لە تەمەنیدا لەدەستی بدات تاکو تەمەنی دەگاتە حەفتا ساڵان)).

باطل لا أصل له. كشف الخفاء للعجلوني (٢/ ٢٧٢)، وعلي القاري في الأسـرار المرفوعة (ص٢٤٢).

٨٧. عن أبي هريرة رضي الله عنه عن النبي ﷺ قـال: ((من أدرك رمضان وعليه مـــن رمضان شيء لم يقضه لم يتقبل منه، ومن صام تطوعاً وعليه من رمضان شيء لم يقضه فإنه لا يتقبل منه حتى يصومه )).

وفي رواية: ((من أدرك رمضان وعليه رمضان آخر لم يقضه لم يُتَقَبَّلْ منه )).

واتە ((هەرکەسێك ڕەمەزانی بەسەردا بێت و پاشان لـە ڕەمـەزانی ڕابـردووی قەرزار بێت و نەیگێڕابێتەوە خوای گـەورە ڕۆژووی ڕەمـەزانی لێوەرناگرێـت، وە هەر کەسێك ڕۆژووی سوننەت بگرێت و لە ڕۆژووی ڕەمەزان قەرزار بێت و پاشـان نەیگێڕابێتـەوە ئـەوا ئـەو ڕۆژووە سـوننەتانەی لێوەرناگیرێـت تـاکو فەرزەکە نەگرێت)). ((وە لەڕیوایەتێکدا: هەرکەسێك ڕەمەزان بەسەریدا بێت

وە لـە ڕۆژووی ڕەمـەزانێكی تـر قـەرزار بێـت و نـەی گێڕابێتـەوە ئـەوا ڕۆژووی ئەم ڕەمەزانەی كە ئامادە بووە لێوەرناگیرێت )).

ضـعيف. أخرجـه الإمـام أحمـد في مـسنده (٨٦٠٦)، وضـعفه الألبـاني في الضعيفة ( ٢/ ٢٣٦-٢٣٧).

**٨٨. عن أبي هريرة ﷺ عـن الـنبي ﷺ قـال: ((يصوم الذي أدركه، ثم يصوم الشهر الذي أفطر فيه، ويطعم مكان كل يوم مسكيناً )).**

واتە ((ئـەوەی بگاتـە رەمـەزان دەبێـت بـەرۆژوو بێـت، پاشـان ڕۆژووی ئـەو مانگە دەگرێتەوە كە ڕۆژووی تیا خـواردووە، لـەجێی هـەر ڕۆژێـك خـواردنی كەم دەرامەت و هەژارێك دەدات)).

موضوع. أخرجه الدار قطني في سننه (٨٩).

**٨٩. عن عائشة عن النبي ﷺ قال: ((ما من عبدٍ أصبح (يـصبح) صـائماًإلا فتحت له أبواب السماء وسبحت أعضاؤه واستغفر له أهلُ السّماءِ الـدُّنيا إلى أنْ توارى بالحجاب، فإن صَلى ركعةً أو ركعتين تطوُّعاً أضاءت له السّماواتُ نوراً وقُلنَ أزواجُه من الحور العين: اللهم اقبضه إلينا، فقد اشتقنا إلى رُؤْيتـه، وإن هو هَلَّلَ أو سَبَّح أو كبَّر تلقَّاهُ سبعون ألف مَلكٍ، يكتبونها إلى أن تـوارى بالحجاب )).**

واتە ((هیچ بەندەیـەك نییـە كـە ڕۆژ دەكاتـەوە و پاشـان بـەڕۆژوو بـوو ئـیلا هەموو دەرگاكانی ئاسمانی بۆ دەكرێتـەوە وە هـەموو ئەندامـەكانی لاشـەی

سبحان الله دەكەن، وە هەرچی ئەوانەی كە لە ئاسمانی دوونیادا هەن هەموویان داوای لێخۆش بوونی بۆ دەكەن لە خوای گەورە تاكو خۆر ئاوا دەبێت، وە ئەگەر ركاتێك یاخود دوو ڕكات نوێژی سوننەت ئەنجام بدات ئەوا هەموو ئاسمانەكانی بۆ ڕووناك دەبنەوە وە خێزانەكانی لە حورولعین دوعا دەكەن و دەڵێن: خودایە ڕوحی بكێشیو بیگەێنیت بە ئێمە: ئێمە تامەزرۆین بۆ بینینی ئەو، وە ئەگەر ئەو كەسە ڕۆژووەوانە بڵێ لا إله إلا الله یاخود سبحان الله یاخود الله أكبر ئەوا حەفتا هەزار فریشتە بەرەو لای دێن و پێی دەگەن و دەی نووسن تاكو خۆر ئاوا دەبێت)).

موضوع. أخرجه الطبراني في الأوسط (٧/ ٣٦٨)، وابن الجوزي في الواهيات (٢/ ٥٤٦).

٩٠. عن سينان بن سلمة الهذلي عن أبيه عن النبي ﷺ قال: ((من كانت له حمولة تأوي إلى شَبَع فليصم حيثُ أدركه )).

واتە ((هەركەسێك توانایەكی هەیە بۆ ڕۆژوو گرتن تواناكەی پەنای دەدات بۆ برسێتی با بە ڕۆژوو بێت لە هەر شوێنێكدا ڕەمەزانی بەسەردا هات)).

ضعيف، أخرجه أبو داود في سننه (٢/ ٣٢٩-٣٣٠)، وابن الجوزي في الواهيات (٢/ ٥٣٩)، وضعفه العلامة الألباني في ضعيف سنن أبي داود (٢٤١٠).

٩١. عن عباس رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: ((استعينوا بطعام السحر على صيام النهار والقيلولة على قيام الليل )).

وفي رواية: ((بقيلولة النهار... )).

وفي رواية: ((استعينوا على الصوم بأكلة السحر )).

واتە ((خواردنی پارشێوان بەكاربهێنن و بیخۆن بۆ گرتنی ڕۆژووی ڕۆژ، وە خەوتنی پێش نیوەڕۆش بەكاربهێنن بۆ هەڵسان بۆ شەو نوێژ )). ((وە لەڕیوایەتێكدا: بەخەوتنی پێش نیوەڕۆی ڕۆژ...)). ((وە لەڕیوایەتێكدا: خۆتان قایم و توندو تۆڵ بكەن بۆ ڕۆژوو گرتن بە خواردنی نانی پارشێوان)).

ضعيف. أخرجه ابن ماجة في سننه (٢/ ٣٢١)، وابن خزيمة في صحيحه (٣/ ٢١٤)، والطبراني في الكبير (١١/ ٢٤٥)، وضعفه العلامة الألباني في ضعيف سنن ابن ماجة (٣٣٣)، والضعيفة (٢٧٥٨).

٩٢. عن عائشة عن النبي ﷺ قال: ((من فَطَّر صائماً كان له مثل أجره من غير أن يَنْقُص من أجره شيئاً، وما عمل من أعمال البرِّ إلاَّ كان أَجْرُه كصاحب الطعام، ما كان من قوة الطعام فيه )).

واتە ((هەر كەسێك ڕۆژووەوانێك نان بدات ئەوا بەئەندازەی ڕۆژووگرەكە پاداشتی هەیە بەبێ ئەوەی لەپاداشتی ڕۆژوو گرەكە هیچ كەم ببێتەوە، وە ئەو ڕۆژووەوانە هیچ كردەوەیەكی چاكە ناكات ئیلا پاداشتەكەی بۆ خاوەن خواردنەكەشە، هەتا هێزو توانای تێدا مابێت ئەو ڕۆژوو گرە بەهۆی ئەو خواردنەوە)).

موضوع بهذا اللفظ. أخرجه الطبراني في الأوسط (٧١٣٦)، والهيثمي في المجمع (٣/ ١٦٠).

٩٣. عن ابن مسعود ﷺ قال: ((أوصاني رسول الله ﷺ أن أُصبح يوم صومي دهيناً مترجلاً، ولا تصبح يوم صومك عبوساً )).

واتە ((عەبدوڵای كوڕی مەسعود ڕەزای خوای لێ بێت فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ وەسیەت و ئامۆژگاری كردوومە كە ڕۆژی بەڕۆژوو بوونم بكەمەوە بە چەوركردنی سەرو ڕیش و شانە كردنیان، وە نەكەی ڕۆژی بە ڕۆژوو بوونت بە چارەگرانی و قورسی بكەیتەوە)).

موضوع. أخرجه الطبراني في الكبير (١٠/ ٨٤)، وأبو نعيم في الحلية (٤/ ٢٦٤).

٩٤. عن ابن عباس ﷺ عن النبي ﷺ قال: ((إن الله ـــ تبارك وتعالى ـــ قضى على نفسه أنَّه من أعطش نفسه له في يومٍ صائفٍ سقاه الله يوم العطش )).

واتە ((خوای گەورەو میهرەبان لەسەر خۆی پێویستی كردووە كە هەركەسێك لەبەر ئەو خۆی تونی بكات لە ڕۆژێكی گەرمی هاویندا. ئەوا خوای گەورە پاراوو تێر ئاوی دەكات لە ڕۆژی دواییدا)).

ضعيف جداً. أخرجه البزار في مسنده (مختصر زوائد البزار للحافظ (١/ ٤٠٤)).

٩٥. عن جابر ﷺ عن النبي ﷺ قال: ((فضل الجمعة في شهر رمضان على سائر الجمع كفضل رمضان على سائر الشهور )).
وفي رواية: ((فضل الجمعة في رمضان كفضل رمضان على سائر الشهور)).
وفي رواية: ((فضل الجمعة في شهر رمضان على سائر الأيام كفضل رمضان على سائر الشهور)).
واته ((فەزڵ وپیرۆزی جومعە لە مانگی ڕەمەزاندا بەسەر جومعەكانی ترەوە لە جگە لە ڕەمەزان وەكو فەزڵ و پیرۆزی ڕەمەزان وایە بەسەر هەموو مانگەكانی ترەوە)). ((وە لەڕیوایەتێكدا: فەزڵ و پیرۆزی جومعە لە ڕەمەزاندا وەكو فەزڵی ڕەمەزان وایە بەسەر هەموو مانگەكانی تردا)). ((وە لەڕیوایەتێكدا: فەزڵی جومعە لە مانگی ڕەمەزاندا بەسەر تێكڕای ڕۆژەكانی تردا وەكو فەزڵی ڕەمەزان وایە بەسەر تێكڕای مانگەكانی ترەوە)).
موضوع. أخرجه الديلمي في مسند الفردوس (٣/ ١٣٠)، وضعفه العلامة الألباني رحمه الله في ضعيف الجامع (٣٩٦٢).

٩٦. عن أنس بن مالك ﷺ قال: ((رخّص رسول الله ﷺ للحُبْلى التي تخاف على نفسها أن تفطر وللمرضع التي تخاف على ولدها )).

واته ((لە ئەنەسی كوڕی مالیكەوە ڕەزای خوای لێ بێت فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕوخسەت و مۆڵەتی داوە بەو ئافرەتە سك پڕانەی كە

لە گیانی خۆیان دەترسن، بەوەی كە بەرۆژوو نەبن، وە هەروەها بۆ ئەو ئافرەتە شیردەرانەی كە لە منداڵەكەیان دەترسن)).

ضعيف جداً. أخرجه ابن ماجة (١٦٩١)، وابن عدي في الكامل وضعفه العلامة الألباني رحمه الله في ضعيف سنن ابن ماجة (٣٢٨)، والروض النصير (٧٤).

٩٧. عن أنس رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: ((افترض الله على أُمتي الصوم ثلاثين يوماً، وافترض على سائر الأمم أقل وأكثر، وذلك أن آدم لما أكل من الشجرة بقي في جوفه مقدار ثلاثين يوماً فلما تاب الله عليه أمره بصيام ثلاثين يوماً بلياليهن فافترض عليّ وعلى أُمتي الصوم بالنهار، وما نأكل بالليل ففضل من الله عز وجل )).

واتە ((خوای گەورە ڕۆژووی فەرز و پێویست كردووە لەسەر ئوممەتەكەم بەوەی كە سی ڕۆژ بە ڕۆژوو بن، وە لەسەر تێكڕای ئوممەتان فەرز كراوە لەوە كەمتر یاخود زیاتر، ئەمەش لەبەر ئەوەیە كاتێك كە ئادەم علیه السلام لەو دارەی خوارد خواردن مایەوە لە سكی نزیكەی سی ڕۆژ وە كاتێك كە ئادەم تەوبەی كردو خوای گەورە تەوبەی لێوەرگرت فەرمانی پێكرد بە گرتنی سی ڕۆژ بە ڕۆژوو بوون بە شەوەكەیشییەوە، بەڵام لەسەر من و هەموو ئوممەتەكەم فەرز كراوە ڕۆژوو گرتن بە ڕۆژ، وە ئەوەی دەیبینن كە ئێمە بە شەو خواردن دەخۆین تەنها فەزڵ و میهرەبانییە كە لەلایەن خوای گەورەوە بۆ ئێمە)).

موضوع. أخرجه الخطيب البغدادي في تأريخه (١٣/ ٣٦) ، وابن الجوزي في الموضوعات (٢/ ٥٤٣)، والذهبي في تلخيص الموضوعات (*ص٢٠٣)، والشوكاني في الفوائد (ص٨٧).

٩٨. عن جابر رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: ((من أفطر يوماً من شهر رمضان في الحضر فليهُد بدنه، فإن لم يجد فليطعم ثلاثين صاعاً من تمرٍ للمساكين )).

واته ((هەر كەسێك ڕۆژووی ڕۆژێكی شكاند و خوارد لە مانگی ڕەمەزاندا لە شوێنی خۆیدا با وشترێك بكاتە خێرو سەری ببڕێت، وە ئەگەر توانای نەبوو با سی ساع خورما بدات بە هەژار و نەداران)).

موضوع. أخرجه الدار قطني في سننه (٣/ ١٩٣)، وضعفه الألباني رحمه الله في الضعيفة (٦٢٣)، وفي ضعيف الجامع (٥٤٦١).

٩٩. عن أبي هريرة رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: ((ثلاثة لا يسألون عن نعيم المطعم والمشرب: المفطر والمتسحر وصاحب الضيف وثلاثة لا يلامون على سوء الخلق المريض والصائم حتى يفطر والإمام العادل )).

واته ((سێ كۆمەڵ هەن پرسیاری نیعمەتەكانی خواردن و خواردنەوەیان لێ ناكرێت، ڕۆژوو شكێنەر و پارشێوكەر و خاوەن میوان، وە سێ كۆمەڵیش هەن ڕەخنەو گلەیی و گازندەی ڕەوشت خراپیان لێ ناكرێت نەخۆش و ڕۆژووەوان تاكو ڕۆژووەكەی دەشكێنێت و پێشەوایەكی دادپەروەر)).

موضـوع. أخرجـه الـديلمي في الفـردوس بمـأثور الخطـاب (٢/ ٩٤)، والشوكاني في الفوائد (ص٩٠).

١٠٠. عن ابن عباس رضي الله عنه عن النبي ﷺ قـال: ((ثلاثة ليس عليهم حساب فيما طعموا إذا كان حلالاً: الصائم والمتسحر والمرابط في سبيل الله )).

واتە ((سێ كۆمەڵ هەن هیچ پرسیارێكیان لێ ناكرێت دەربارەی خواردنیان ئەگەر خواردنەكەیان حەڵاڵ بێت، رۆژووەوان و كەسی پارشێوكار و كەسێك كە لە پێناو خوای گەورەدا پاسەوان و چاودێر بێت)).

موضوع. أخرجه الطبراني في الكبير (١٢٠١٢)، وضعفه الألبـاني رحمـه الله في الضعيفة (٦٣١)، وضعيف الجامع (٢٥٨٢).

١٠١. عن محمد بن عبدالله بن أبي رافع عن أبيه عن جده قـال: ((أنَّ النبي ﷺ كان يكتحل بالإثمد وهو صائم)).

وفي رواية: ((خرج علينا رسول الله ﷺ من بيت حفصة وقد اكتحل بالإثمد في رمضان )).

وفي رواية: ((رأيت النبي ﷺ يكتحل بالإثمد وهو صائم)).

وفي رواية: ((كان رسول الله يكتحل وهو صائم)).

وفي رواية: ((ربما اكتحل رسول الله وهو صائم )).

وفي رواية: ((اكتحل رسول الله وهو صائم )).

وفي رواية: جاء رجل إلى النبي ﷺ فقال: اشتكت عيني أفأكتحل وأنــا صائم؟ قال: ((نعم)).

واتە ((لە موحەمەدی كوڕی ئەبی ڕافیعەوە ئەویش لە باوكێوە باوكیشی لـە باپیرییـەوە: بەڕاسـتی پێغەمبـەری خـوا ﷺ چـاوی دەڕشـت بـەكل و بـە ڕۆژووش بـوو)). ((وە لەڕیوایەتێكـدا: پێغەمبــەری خـوا ﷺ لـە ماڵەكـەی حەفـصەی خێزانـی بـووە دەرچـوو بـۆ لامـان و چـاوی ڕشـتبوو بـە كـل لـە ڕەمەزانـدابوو)). ((وە لەڕیوایەتێكـدا: پێغەمبـەری خـوام بینـی ﷺ بـە كـل چاوی دەڕشت و بـە ڕۆژووش بـوو)). ((وە لەڕیوایەتێكـدا: پێغەمبـەری خـوا ﷺ چاوی دەڕشت و بـە ڕۆژووش بـوو)). ((وە لەڕیوایەتێكـدا: هەنـدێ جـار پێغەمبـــەری خـــوا ﷺ چـــاوی دەڕشـــت و بـــە ڕۆژووش بـــوو)). ((وە لەڕیوایەتێكدا: پێغەمبـەری خـوا ﷺ چـاوی دەڕشـت و بـە ڕۆژووش بـوو)). ((وە لەڕیوایەتێكدا: كابرایەك هات بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ ووتی: چـاوم ژان دەكات ئایە چاو بڕێژم و بە ڕۆژووشم؟ پێغەمبەری خـوا ﷺ فـەرمووی: بەڵێ)).

ضعيف جداً. أخرجـه الطبرانـي في الكـبير (٩٣٩)، وابـن عـدي في الكامـل (٣/ ٢٧٢)، والبيهقي في سننه (٤/ ٢٦٢).

١٠٢. عن عبدالرحمن بن النعمان عن أبيه عن جـده عـن الـنبي ﷺ قـال: ((لا تكتحل بالنهار وأنت صائم اكتحل ليلاً الإثمد يجلو البصر وينبت الشعر )).

وفي رواية: ((ليتقه الصائم)).

واتە ((بە ڕۆژ چاوت مەڕێژە كاتێك كە بەڕۆژوو بویت بەڵام بەشەو چاوت بڕێژە بە كل لەبەر ئەوەی چاوت گەورە وجوان دەكات و برژەنگەكانیش دەڕوێنێت)). ((وە لەڕیوایەتێكدا: با ڕۆژووەوان خۆیانی لێ بپارێزن و نەیكەن)).

ضعيف. أخرجه البخاري في تأريخه (٧/ ٣٩٨)، والبيهقي في سننه (٤/ ٢٦٢)، وضعفه العلامة الألباني رحمه الله في ضعيف سنن أبي داود (٢٣٧٧).

١٠٣. عن عائشة رضي الله عنها قالت: ((**كان رسول الله ﷺ إذا دخل شهر رمضان أعطى كُلَّ سائلٍ وأطلق كُلَّ أسير** )).

وفي رواية: ((**أن النبي ﷺ كان إذا دخل شهر رمضان أطلق كل أسير وأعطى كل سائل** )).

واتە ((لە عائیشەوە ڕەزای خوای لێ بێت فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ كاتێك كە پێی دەنایە ناو مانگی ڕەمەزانەوە شتی دەبەخشی بە هەموو پرسیاركەرو دەروەزەكەرێك وە هەموو دیلێكیشی ئازاد دەكرد)). ((وە لەڕیوایەتێكدا: پێغەمبەری خوا ﷺ كاتێك كە پێی دەنایە ناو مانگی ڕەمەزانەوە هەموو دیلێكی ئازاد دەكرد و وە بە هەموو دەروەزەكەرێكیشی دەدا)).

ضعيف جداً. أخرجه ابن حبان في المجروحين (١/ ٤٥٧)، وضعفه الألباني رحمه الله في ضعيف الجامع (٤٣٩٦).

١٠٤. عن عائشة رضي الله عنها قالت: ((كان رسول الله ﷺ إذا دخل رمضان تغيّر لونه، وكثرت صلاته وابتهل في الدعاء وأشفق لونه )).

واتە ((لە عائیشەوە ڕەزای خوای لێ بێت فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ كاتێك كە پێی دەنایە ناو مانگی ڕەمەزانەوە ڕەنگی دەگۆڕا وە زۆر نوێژی دەكرد و زۆریش دەپاڕایەوە و ڕەنگیشی زۆر میهرەبان دەبوو)).

ضعيف. أخرجه البيهقي في الشعب (٣/ ٣١٠)، وضعفه العلامة الألباني رحمه الله في ضعيف الجامع (٤٣٩٧).

١٠٥. عن عائشة رضي الله عنها قالت: ((كان رسول الله ﷺ إذا دخل شهر رمضان شَدَّ مئزره ثم لَمْ يأتِ فراشه حتى ينسلخ )).

واتە ((لە عائیشەوە ڕەزای خوای لێ بێت فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ كاتێك كە پێی دەنایە ناو مانگی ڕەمەزانەوە پەشتەماڵ و بەنەخوێنەكەی توند دەكردەوە و پاشان ناچووە سەر جێگاكەی تاكو ئەو مانگە تەواو دەبوو)).

منكر. أخرجه ابن خزيمة في صحيحه (٣/ ٣٤٢)، وضعفه العلامة الألباني في ضعيف الجامع (٤٣٩٨).

١٠٦. عن ابن عباس رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: ((الصائم بعد رمضان كالكّار بعدَ الفار )).

واتە ((ئەو كەسەی رەمەزان بەرۆژوو نابێت پاشان دەیگرێت وەكو كەسێك وایە كە لە غەزا كردن هەڵبێتو رابكات پاشان بگەڕێتەوە)).

ضـعيف جـداً. أخرجـه البيهقـي في الـشعب (٣/ ٣٤٩)، (وفي فـضائل الأوقـات ص٣٢٩-(١٦٢))، والعلامـة الألبـاني في ضـعيف الجـامع ص٥١٦-(٣٥٢٧)، والسلسلة الضعيفة (٣٧٨٩).

١٠٧. عن أنس ﷺ عن الـنبي ﷺ قـال: ((الصوم يُذْبل اللحم، ويُبْعدُ مِنْ حَرِّ الَّسعير، إن لله مائدةً عليها ما لا عينٌ ولا أذنٌ سمعت، ولا خطر علـى قلـب بَشَرٍ، لا يقعُدُ عليها إلاَّ الصَّائمون )).

واته ((ڕۆژوو گۆشت و قەڵەوی دەماڵێت، وە دووریشت دەخاتەوە لە گـەرمی ئاگری دۆزەخ، خوای گەورە خوان و سفرەیەکی هەیـە لـە بەهەشـتدا کـە بـە هـیچ شـێوەیەك چـاوو نـەی بینیـوە وە گـوێش نـەی بیـستووە، وە بـە خوتورکەش بە دڵی هـیچ مرۆڤێکـدا نـەهاتووە، کـەس ناتوانێـت لەسـەر ئـەو سفرەو خوانە دابنیشێت تەنها و جگە لە ڕۆژووەوان نەبێت)).

ضـعيف جـداً. أخرجـه الطبراني في الأوسـط (٩/ ١٧٠)(٩٤٤٣)، والهيثمـي في المجمع (٣/ ١٨٥).

١٠٨. عن مغيرة بن فروة قال: ((قام معاوية في الناس بدير مسحلٍ الذي علـى باب حمص، فقال: يا أيُّها الناس إنَّا قد رأينا الهلال يوم كذا وكذا، وأنا متقَدِّمٌ بالصيام، فمن أحبَّ أن يفعله فليفعله، فقال إليه مالك بن هبيرة السَّبئي فقال: يا معاوية أشيءٌ سمعتَه من رسول الله ﷺ أم شيءٌ من رأيك؟ قـال: سمعـت رسول الله ﷺ يقول: ((صُوموا الشهر وسُرَّهُ )).

واتە ((لە موغەیرەی كوڕی فەروەوە دەڵێت: موعاویە هەڵساو چوو بۆ ناو خەڵكی لە ناوچەی میسحەل كەوا كەوتۆتە سەر ڕێگای حیمصەوە، فەرمووی: ئەی خەڵكینە ئێمە مانگی ئەوەنەی ئەوەنەمان بینی، وە من دەست پێشخەری دەكەم لە ڕۆژوودا، كێ پێی خۆشە كەوا بكات با وابكات، مالیكی كوڕی هوبەیرەی سەبەئی هەڵساو ووتی: ئەی موعاویە ئایە ئەمەی تۆ دەیڵێت شتێكە كە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بیستووتە یاخود شتێكە لە بۆچوونەكانی خۆتە؟ موعاویە فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ دەیفەرموو: ئەم مانگە بە ڕۆژوو بنو سەرەتاكەشی)).

منكر. أخرجه أبو داود في سننه (٢٣٢٩)، وضعفه الألباني رحمه الله في ضعيف سنن أبي داود (٢٣٢٩).

١٠٩. عن معاوية بن أبي سفيان رضي الله عنه قال: ((كان رسول الله ﷺ يقول على المنبر قبل شهر رمضان: الصيامُ يومَ كذا وكذا، ونحنُ متقدِّمون، فمن شاء فليتقدَّم، ومن شاء فليتأخَّر )).

واتە ((لە قاسمی كوڕی ئەبو عەبدولرەحمانەوە، ئەویش گوێی لە موعاویەی كوڕی ئەبو سوفیان بوو لەسەر مینبەرەوە دەیووت: پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر مینبەرەوە: پێش هاتنی مانگی ڕەمەزان دەیفەرموو ڕۆژوو گرتن فلانە ڕۆژە ئێمەش بەرەو رووی دەڕۆین، كێ دەیەوێت با پێش بكەوێت، وە كێش دەیەوێت با دوا بكەوێت)).

منكر. أخرجه ابن ماجة في سننه (٢/ ٢٩٩-٣٠٠)، والجورقاني في الأباطيل (٢/ ٩٤)، وضعفه العلامة الألباني في ضعيف سنن ابن ماجة ص١٣٠ برقم ٣٢٥.

١١٠. عن مكحول قال: ((أن معاوية ﷺ كان إذا حضر شهر رمضان قال: إنا رأينا هلال شعبان يوم كذا وكذا ونحن متقدمون فمن أحبَّ أن يتقدم فعل، ثم يقول معاوية: هكذا كان رسول الله ﷺ كان إذا حضر رمضان قال كما قلت )).

واتە ((لە مەكحولەوە دەگێڕێتەوە کە موعاویە کاتێك کە مانگی ڕەمەزان بهاتایە بەسەریاندا دەیفەرموو: ئێمە مانگی شەعبانمان بینیوە لە فلاّنەو فلاّنە ڕۆژدا وە ئێمەش بەرەو پێش دەچین بۆیە هەرکەسێك پێی خۆشە کە پێش بکەوێت با بیکات، پاشان موعاویە دەیووت: ئا بەم شێوەیەی کە من پێم ووتن پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك کە ڕەمەزان ئامادە دەبوو دەیووت)).

باطل. أخرجه الجورقاني في الأباطيل (٢/ ٩٥)، وابن الجوزي في الواهيات (٢/ ٥٢٩).

١١١. عن عبدالرحمن بن مسلمة عن عمه عن النبي ﷺ قال: ((صمتم يومكم هذا؟ قالوا: لا، قال: فأتمّوا بقية يومكم واقضوه )).

قال أبو داود: يعني يوم عاشوراء.

واتە ((ئەمڕۆ ئایە بە ڕۆژوو بوون؟ ووتیان: نەخێر، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: چەندێ لە ڕۆژ ماوە بیگرن و بە ڕۆژوو بن دواتریش بیگرنەوە)). ((ئیمامی ئەبو داود فەرمووی: واتە ڕۆژووی ڕۆژی عاشوراو)).

منكر. أخرجه أبو داود في سننه (٢٤٤٧)، وضعفه عبدالحق الإشبيلي في كتابه الأحكام الوسطى (٢/ ٢٤٥)، وضعفه الألباني رحمه الله في ضعيف سنن أبي داود(٢٤٤٧).

١١٢. عن أنس رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: ((خمس يفطرن الصائم وينقضن الوضوء: الكذب، والنميمة، والغيبة، والنظر بشهوة، واليمين الكاذبة )).

واتە ((پێنچ شت هەن ڕۆژووی ڕۆژووەوان دەشكینن و بەتاڵی دەكەنەوە، وە هەروەها دەست نوێژیش بەتاڵ دەكەنەوە: درۆكردنو، دووزمانیو، غەیبەت كردنو، سەیركردن بە ئارەزووەوە، وە سوێندی بە درۆ)).

موضوع. أخرجه الجورقاني في الأباطيل والمناكير (١/ ٣٥١)(٣٣٨)، وابن الجوزي في الموضوعات (٢/ ٥٦٠)(١١٣١)، وضعفه العلامة محمد الحسيني الطرابلسي في الكشف الإلهي (١/ ٣٣٣).

١١٣. عن ابن عباس رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال: ((ثلاثة لا يفطرن الصائم: الحجامة والقيء والاحتلام )).

وفي رواية: ((لا يفطر من قاء ولا من احتجم ولا من احتلم )).

وفي رواية: ((لا يُفَطِّر الصائم الحُلُم والقيء والحجامة )).

وفي لفظ: ((ثلاث لا يمنعن الصيام: الحِجام، والقـيء، والاحـتلام، ولا يتقيأ الصيام متعمداً)).

واتە ((سێ شت هەن ڕۆژوو بەتاڵ ناكەنەوە: كەڵەشاخ و ڕشانەوە و ئیحیتلام بوون)). ((وە لەڕیوایەتێكدا: ڕۆژووی كەسانێك ناشكێت كە بڕشێنەوە و كەڵەشاخ بگرن و تووشی ئیحتیلام بن)). ((وە لەڕیوایەتێكدا: سێ شت هەن ڕێگر نین لە ڕۆژوو گرتن: كەڵەشاخ و ڕشانەوە و ئیحتیلام بوون، وە نابێت ڕۆژووەوان بە ئەنقەست خۆیان بڕشێننەوە)).

ضعيف. أخرجه الترمذي في سننه (٧١٩)، وأبو يعلى في مسنده (٢/ ٣١٠)، وأبو نعيم في الحلية (٨/ ٤٠٠)، وابن عدي في الكامل (٥/ ٤٤٤)، وابن حبان في المجروحين (٢/ ٢٣)، وابن الجوزي في الواهيات (٢/ ٥٤١)، والبيهقي في الكبرى (٤/ ٢٢٠)، والعلامة الألباني في حقيقة الصيام (ص٢٢).

١١٤. عن سلمان بن عمر رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: ((إذا أفطر أحدُكم فليفطر على تمر، فإذا لم يجد فليفطر على ماء، فإنَّ الماء طهور )).

وفي رواية:(من وجد تمراً فليفطر عليه، ومَنْ لا فليفطر على الماء فإنه طهور )).

واتە ((ئەگەر هەر یەكێك لە ئێوە ڕۆژووی شكاند با بە خورما بیشكێنێت، ئەگەر خورمای دەست نەكەوت با بە ئاو بیشكێنێت، لەبەر ئەوەی ئاو پاكەو پاكەرەوەیە)). ((وە لەڕیوایەتێكدا: هەركەسێك خورمای دەست كەوت با ڕۆژووەكەی پێ بشكێنێت، وە هەركەسێ خورمای دەست نەكەوت با بە ئاو بیشكێنێت لەبەر ئەوەی پاكەو پاكەرەوەیە)).

ضعيف. أخرجه الطيالسي في مسنده (١١٨١)، والحميدي في مسنده (٨٢٣)، والإمام أحمد في مسنده (١٦١٧٨-١٦١٧٩)(١٦١٨١)، وضعف الحديث العلامة الألباني في سنن أبي داود (٢٣٥٥)، وضعيف ابن ماجة ص١٣٣ (١٧٢٣)، وضعيف سنن الترمذي ٦٩٤.

١١٥. عن أنس رضي الله عنه قال: ((كان النبي ﷺ يُحِبُّ أن يُفْطِرَ على ثلاثِ تمراتٍ أو شيءٍ لم تُصِبْهُ النار )).

واتە ((لە ئەنەسی كوڕی مالیكەوە ڕەزای خوای لێ بێت فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ پێی خۆش بوو كە فیتار بكاتەوە بەسێ دەنك خورما یاخود هەر شتێك كە ئاگری بەر نەكەوتبێ)).

ضعيف جداً. أخرجه أبو يعلى في مسنده (٣٣٠٥)، والعقيلي في ضعفائه (٣/ ٨٠٥)، والضياء في المختارة والعلامة الألباني رحمه الله في الارواء (٤/ ٤٧).

وأخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين وصلى الله وسلم على محمد وعلى اله وصحبه وسلم.

**تەواو بووم لە نوسینی ئەم كتێبە لە**

**١٤٣٠/٨/٢٦**

**چەمچەماڵ/ ڕۆژی چوار شەممە.**